



له یوبیلی ئاڵتوونیی جەمهوریەتی کوردستاندا

# با بۆچوونە شێواو و هەڵەکان ڕاست بکەینەوە

## نووسینی: مەحموود مەلا عززەت

## ئـامـادەکـردنی: فاڕووق فەرهاد سوئید: ٢٠٢١

پێڕست:

پێشەکی..................................................................٣
ناوی مێژوویی قەوارەکە....................................................٦
ناوی حکوومەتی..............................................................٨
حکوومەتی کوردستان.......................................................١١
حکوومەتی میللی دێموکراتی کوردستان...............................١١
هەیئەتی ڕەئیسەی میللی کوردستان...................................١٢
دەوڵەتی جمهووری کوردستان.............................................١٤
دەوڵەتی میللی کوردستان..................................................١٧
دەوڵەتی میللی دێموکراتی کوردستان.................................١٨
دەوڵەتی خودمختاری کوردستان..........................................١٨
جمهووری کوردستان.........................................................١٨
خودمختاری و سەربەخۆیی لە جەمهووریەتی کوردستاندا.........٣٠
ڕاستییە هەڵێنجراوەکان.....................................................٣٢
ئاغای فەرماندەی هێزی بۆکان و مەنتقەی سەر......................٤١
پلەی وەرچەرخان.............................................................٤٤
تێبینییەکان.....................................................................٥٨
مەحموود مەلا عززەت.........................................................٦٦
سەرچاوەکان...................................................................٦٩

## پێشەکی

سەبارەت بەو بارودۆخە پڕ لە ئالۆزی و گرێوگۆڵانەی کە جەمهوریەتی( کوردستان)ی(١) تێدا بە وەلەد بوو، ئەو دۆخە ناڵەبارەی پڕ بوو لە ناکۆکی و ململانی لە سەر ئیران و بەرژەندییەکانی زلهێزەکان، سەرباری بۆشایی و گرفتەخوییەکان و گەمارۆ و ئابلۆقەدانی ئەو سەرزەمینە، حکوومەتەکەی کە سەر زەمینەیەکی پتەو و هەلومەرجی ڕەسیو دانەمەزرا، بێ پێناسەی یاسایی و سیاسی ناوچەیی و هەرێمی و نێودەوڵەتی (نێونەتەوەیی) هاتە ئاراوە و مایەوە، لە ناو ئاوو هەوای نە شەڕ و نە ئاشتی یا ڕووبەڕوو بوونی ڕۆژانە و پێکدادانداا کاری دەکرد بە جۆری کە دەتوانین حکوومەتەکە بە حکوومەتی جەنگ ناو ببەین، بە تایبەتی زۆربەی هەرە زۆری لێپرسـراو و کاربەدەستان، لە گەڵ کاری سەربازی و مسۆگەرکردنی پێداویستییەکانی بەرەکانی شەڕ خەریک بوون.

لەبەر وانە، هەرچەندە کۆمەڵێ کار و هەنگاوی بە سوود و باش و جێگر لە مەیدانەکانی سەربازی و سیاسی و ڕۆشنبیری و یاسایی و کۆمەڵایەتی و بەڕێوەبردندا ئەنجام دران، دیسان دیاردەی جورێ لە ئالۆزی و بێ نەخشەیی لە کاروبارییدا... بوونی فرە سەرچاوە لە یاسادانان و جێبەجێ کردنیاندا، هەمە جۆر (ناو ) بەکار هێنان لە ( شێوەی دەوڵەتی و حکوومەتی )... و نەبوونی بڕیاری ڕەسمی و یاسایی بۆیان و بۆ گەلێ کاری گرینگی تر بەرچاو دەکەون.

لام وایە ئەوانە لە ناو ئەو ئاڵۆزیانەدا، بۆ ئەو سەردەم و ڕۆژگارەی کورد زۆر نامۆ نەبن، بە ڕەخنەی زۆر گەورە دانەنرێن.

بەڵام نامۆ و سەیر لەوەدایە کە لەم سەردەمەشدا ئەوانە بەردەوام بن و زیاتریش بشێوێندرێن، ئەوەی هەبووە وەک خۆی باس نەکرێ و ئەوەی نەشبووە بۆی بخوڵقێنرێ و پێوەی بلکێنرێ.

حەز و خواستی ناو بۆچوونی بێ بەڵگە بخزێنرێتە ناو مێژووەکەیەوە. ئەوەی یارمەتیدەری ئەم جۆرە دیاردە نائاساییەیە نەبوونی لێکۆڵینەوەی بابەتی و زانستییانەی گەلێ لایەنی مێژووی سیاسی، سەربازی، بەڕێوەبەرایەتی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و دیپلۆماسیی ئەزموونەکەیە. بۆیە کاتی ئەوە هاتووە، ئەوەندی لەبەر دەستبوونی بەڵگەنامە و شوێنەواری مێژوویی سەردەمەکە یارمەتی دەدەن، بژاری ئەو هەڵە و بۆچوونە چەوت و شێواندنە، لێکۆڵینەوەی زیاتر لە سەر ئەو لایەنانە و بۆ ئەم مەبەستە بکرێ... لەم کورتە باسەدا هەوڵدەدەم ڕووناکی بخەمە سەر دوو لایەنی هاوپێوەند بەوانەوە کە "ناوی قەوارەکە" و مەسەلە "خودمختاری و سەربەخۆیی"یە. بەو هیوایە کە لە ئایندەدا بێمە سەر لایەنەکانی تر.

باش وایە پێشەکی ئاماژە بۆ چەند پرینسیپێکی ڕێبازی مێژوو نووسین بکەم کە نووسەر و مێژوووناس لە نووسین و لێکۆڵینەوەکانیدا خۆیانی پێوە دەبەستنەوە:

ـــ لە نووسین و باس و خواس لە سەر ڕووداوێکی مێژوویی، پێویستە پەنا بۆ بەڵگەنامە و شوێنەواری سەردەمی باسەکە ببرێت، تا بە هۆیانەوە ڕا و بۆچوونەکان بسەلمێنرێن، بابەتی و زانستییانە لێکۆڵینەوە دابڕێژرێ. لەوەبەدەر نابێ بۆچوون و ڕا و تێوری بە سەلمێنراوی بێگۆمان دابنرێن.

ـ لە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەدا، دەبێ مێژوونووس بۆچوون و ڕاکانی خۆی لە سۆز و حەز و خواست و ویستی شەخسی لا بدات و تێکەڵی ڕاستییە مێژووییەکانی نەکات، شەری سیاسی و کۆنە قین... ململانێ و ناکۆکی حیزبایەتی بخاتە لاوە و نەیەڵێت کار لە ڕەوتی بیرکردنەوەی ئاسایی و زانستییانە بکەن ڕێگە نەدا ڕق و کینەی ڕەوا بەرانبەر بە دوژمنی داگیرکەر کار بکەنە سەر هەڵێنجانی ڕاستییەکان.

ـ هەوڵدان بۆ ڕووناکی خستنەسەر ڕووداو و دیاردەی مێژوویی وەک هەبوون و ڕوویان داوە، هیچ پێوەندییەکی بە خواست و بۆچوونی نە ئەو سەردەمە و نە سەردەمی نووسین لە سەر ڕووداوەکە نییە. مانای لایەنگیریی بۆچوونێکی جیاواز یان دژ بەوە نییە، دوورە لە ڕەواج پێدانی سیاسەتی ئەم پارتی و ئەو ڕێکخراو، دوورە لە هەڵسەنگاندن بە کێش و پێوانەی ئەمڕۆ و ئەم سەردەمە، دەبێ بە تێگەیشتنی قووڵی هەمە لایەنەی ڕووداوەکان، هەڵە دەستنیشان بکرێ و ڕەخنە بگیرێ و نرخاندن و هەڵسەنگاندن ئەنجام بدرێ.

ـ لە باسی سەربەخۆ یان خودمختار بوونی جەمهوریەتی کوردستاندا، دەبێ پێناسەی ڕەزمەندی هەر یەکەیان لەبەر چاو بگیرێ... لە بنەما و زەمینە و پایەگاکانی ڕەخساندنی هەر یەکەیان بگەین. ساغکردنەوەی ئەم یان ئەویان نابێ بۆ مەبەستی سەردەم، بۆ شانازیکردنی بێ بناغە، دەستکەوتی تەسکی حیزبایەتی بن. نابێ بۆ ئەو مەبەستانە، ڕاستییەکان لابخرێن و ناڕاست بخرێنە جێگەیان...

ــ هەوڵدان بۆ سەلماندنی خودمختاری ـ بوونی جەمهورییەتەکە لە ناو سنووری ئێران دا و سەربەخۆبوون لە ئازەربایجان مانای ئەوە نییە کە نووسەر لەگەڵ ئەو خودمختارییە دایە و دژ بە سەربەخۆییە یان بە پێچەوانەوە. کاتی مرۆڤ دێتە سەر هەڵسەنگاندن و بەراوردکردن و ڕەخنە و کەم و کورتی دەرخستن، ئەمە دەبێتە باسێکی جیاواز و پێویستە پێوانەیان لەگەڵ بارودۆخ و هەلومەرجە ڕەخسیوەکانی ئەو سەردەمەدا بگونجێتن و بکرێتە سەنگی جیاوازیی نێوان دید و بۆچوونی ئەو سەردەم و ئەم سەردەم.

ناوی مێژوویی قەوارەکە

" ڕیشەی ناو قەوارەکە "

یەکێ لەو باسانەی دوور لەو پرینسیپانە شێوێندراوە، ناوی ئەو قەوارەیەکە لە موکریانی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێران دا دامەزرا(٢) بە بێ لێکۆڵینەوە و گەڕانەوە بۆ سەردەمەکە و تێگەیشتنی ڕووداو و دیاردەکانی، بێ هیچ بەڵگەنامەیەک، (ناو) داتاشراوە و بەکار دەهێنرێ دەخوازرێ بسەپێنرێ و بخرێتە جێگەی ناوە مێژووییەکە هەیە ناوی کتێب و بەرهەم و سەرباسی لێکۆڵینەوەی نووسەران بە ناوی قەوارەکە وەردەگرێ یا تێکەڵ بە ناوە مێژووییەکانی دەکات... لە ناو ئەو ناوانەدا کە بۆ نموونە دەهێنرێتەوە: کۆماری دێموکراتی کوردستان، کۆماری کوردستان، کۆماری خودمختاری کوردستان، کۆماری میللی مەهاباد، کۆماری مەهاباد.(٣)

هەیە ناوێک لە ناو ئەو ناوانەدا هەڵدەبژێرێ و داوا دەکات هەر ئەوە بەناوی قەوارەکە دابنرێت و دەبێ بەکار بهێنرێ. بێ ئەوەی بە لای ناوێک لە ناوە مێژووییەکاندا بچێ و، لەوەش بگات کە ناکرێ و ناگونجێ ناوی ڕووداوێکی مێژوویی وەک ئەزموونەکەی مەهاباد کە چەندین ناوی تایبەتیی خۆی هەبووە، ئەمڕۆ ناوی بۆ دابتاشرێ و دوای نزیکەی نیو سەدە لە جێگەی دابنرێ و بویسترێ و بسەپێنرێ...

لە باسی ناوی ئەو قەوارەیدا، ئەوەی تا ئێستا لای بەندە ئاشکرایە و پێچەوانەکەییم بەرچاو نەکەوتووە: هەر لە دامەزراندییەوە تا ڕووخاندنی، هیچ جۆرە بڕیارێکی ڕەسمی و یاسایی تایبەت بە ناولێنان نەدراوە و نەبووە. لە ناو ڕۆژنامەی کوردستان و گۆڤاری کوردستان و هەڵاڵە و بڵاوکراوەکانی تر و سەرجەمی بەڵگەنامەکانی سەردەمەکە، کە ئەمڕۆ لە بەر دەست دان، بڕیاری لەو بابەتە وەبەرچاو نەکەوتووە و ناکەوێ. لە گوتار و نوتقی لێپرسراوان لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی دامەزراندنی جەمهوریەتی کوردستاندا ئاماژە بۆ بڕیار و کارێکی لەو بابەتە نەکراوە...

وەک دیاردەیەکی هاوپێوەند بەو نەبوونی بڕیارەوە، هەر وەک سەلمێنەرێکیش بۆی، چەندین ناوی دەوڵەتی و حکوومەتی لە ئارادا بوون کەم و زۆر لە سەر زار بوون و بەکارهێنراون کە لێرەدا هەوڵ دەدەم لە ناو بەڵگەنامە و ڕۆژنامە و گۆڤار و وتار و نوتقی لێپرسراوان دا ڕاستییەکانی تابیەت بەو ناوانە هەڵبهێنجم تا هیچ جۆرە گومان و دوودڵییەک لە سەر ئەم باسە نەهێڵرێ و جێگەی بۆچوونی بێ جێ نەمێنێتەوە. وەک ئاماژەم پێ کرد گەلێ ناوی حکوومەتی و دەوڵەتی لە سەردەمەکەدا لە ئارادا بوون و

بەکار هێنراون کە هێندێکیان جێگەی مێژوویی خۆیان هەیە و دەکرێ لەبەر نەبوونی بڕیاری تایبەتی بۆ ناولێنان، بە یاسایی و ڕەسمی دابنرێن، وەکوو لێرەدا ڕووناکییان دەخەمە سەر.

یەکەم) ناوی حکوومەتی:

حکوومەتی میللی کوردستان: لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی دامەزراندنی



جەمهوریەتی کوردستان، لە کۆبوونەوە مێژووییە بیست هەزار نەفەرییەکەی دووی ڕێبەندانی١٣٢٤ ـ ١٩٤٦دا، لە ناو داوا و ڕاسپارەکاندا ناوی قەوارەکە بەمجۆرە هاتووە:

" ئەڕۆ ئارەزووی عموومی خۆمان ئێزهار دەکەین و لە کۆمێتەی مەرکەزی حیزبی دێمۆکرات و ئەنجومەنی خۆمان خواهیش دەکەین و ئیختیاری دەدەینێ:

١ـ لەو جێگایانەدا کە ئێستا کوردی تێدا دەژین بە ئیستیقلالی تەواو بگا.

٢ـ ئینتیخاباتی مەجلیسی شورا دەست پێبکەن.

٣ـ حکوومەتی میللی کوردستان و وەزیران و ئیدارەکانی ساز بکەن... هتد "(٤)

لە ڕاستیشدا ئەم ناوە حکوومەتییە لەگەڵ دروشم و داخوازیی خودمختاریدا جووت دەبێ، بۆیە بوون و بەکارهێنانی لە خۆوە و بە ڕێکەوت نەبووە. جا ئەگەر ناوی تری قەوارەکە، چی حکوومەتی و چی دەوڵەتی، لە ئارادا نەبوونایە و باس نەکرابانایە، وا دەتوانرا ئەم ناوە حکوومەتییە بە ڕەسمی و یاسایی و بڕیاری تایبەت بە ناوی قەوارەکە دابنرایە. بەتایبەتی هەر ئەم ناوە بوو کە هەر پێش بڵاوکردنەوەی دامەزراندنی جەمهوری کوردستان، حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە یەکەم کۆنگرەی دامەزراندنیدا و لە بەرنامەکەشیدا بەم جۆرە ئەو ناوەی دیاری کردبوو:

" ئەبێت یەکەم هەنگاوی حکوومەتی میللی دەستکردن بێت بە ئاوەدان کردنەوەی وڵات و... هتد "(٥)

جاری واش بووە " پێشەوا " خۆی ئەو ناوەی لە قسە ووتاردا بەکارهێناوە.(٦) کە وابوو ئەم ناوە هەر وا بە ڕێکەوت لە سەر زاران نەبووە و بەکار نەهێنراوە. هۆی بە ڕەسمی و یاسایی وەرگرتنی ئەم ناوە حکوومەتییە هەر لەوانەدا نییە، بەڵکوو لەوەشدایە کە لە ڕووداوێکی گرینگی وەک بەستن و مۆرکردنی پەیمانی یەکییەتی و برایەتی حکوومەتی کوردستان و

ئازەربایجانیشدا ئەو ناوە بەکارهێنراوە، لە نووسینی ناوی ئەندامانی وەفدەکەی کورددا بەم جۆرە دەست پێکراوە:

" جەنابی قازی محەمەد ڕەئیسی حکوومەتی میللی کوردستان ".
دیسان ناوی سەیفی قازی بەم جۆرە نووسراوە:

" محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی، وەزیری هێزی حکوومەتی میللی کوردستان ".

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ناوە کەمجار بەکار هێنرا، ئەوەی سەرنج دەدرێ، زیاتریش لێپرسراوانی پلەی یەکەمی حکوومەتەکە و حیزبی دێمۆکرات بوون بەکاریان دەهێنا.

بۆ نموونە زیاتر لەوەی ئاماژەی بۆ کرا: معاوینی کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان(٨). دیسان لە سەر ئەو کاغەزانەی ژمارەیەک لە دام و دەزگاکانی حکوومەت بۆ نامە نووسین بەکاریان دەهێنا کلێشەیان لە بەشی سەرەوەی ئەو کاغەزانەدا داڕشتبوو، لەگەڵ ئەو کلێشەیەدا ( حکوومەتی میللی کوردستان ) لە سەرووی نووسینەکانەوە نووسرابوو(٩).

حکوومەتی کوردستان:

نزیک بەو ناوە حکوومەتییەی باس کرا، یا دوور نییە هەر لەوەوە بە کورتکراوەیی بەکارهێنرابێت( حکوومەتی کوردستان ) بوو... ئەوەی زیاتر بـــایەخی ئەم ناوە دەردەخات، بەکارهێنانێتی لە لایەن بەرزترین دام و دەزگای دەوڵەتەکەوە، واتە ( هەیئەتی ڕەئیسەی میللی کوردستان ) کە لە دواییدا، مەبەستم دوای ڕووخاندنی قەوارەکەیە، نووسەران بە ( ئەنجومەنی وەزیران ) ناویان بردووە، چونکە لە سەردەمی ئەزموونەکەدا ئەم ناوە هەرگیز بەکار نەهاتووە. نموونەی شێوەی بەکارهێنانی ئەم ناوە لە لایەن هەیئەتەوە: ڕۆژنامەی کوردستان لە مردنی "کالێنین"دا دوای ئەوەی باسی مردنەکە دەکات ئەم بڕیارەشی بڵاوکردبۆووە: "... بەم بۆنەیە ڕۆژی ١٤ـ١٣٢٥/٣/١٥ مەجلسی تەزکر و عەزاداری لە لایەن حکوومەتی کوردستانەوە گیرابوو و ئاڵای کوردستان لە سەربانی تەواوی ئیدارەکانی کوردستان نێوە ئەفراشتە بوون".(١٠)

حکوومەتی میللی دێموکراتی کوردستان:

ئەم ناوە بە دەگمەن لە سەر زار بووە و بەکارهێنراوە، بۆیە هەر دەگمەنیش لە ڕۆژنامەی کوردستاندا دەکەوێتە بەرچاو. پێدەچێ زیاتر لە حەزی شەخسییەوە بەکار هێنرابێ و نووسرابێ.

هەیئەتی ڕەئیسەی میللی کوردستان:

ئەم ناوە، زیاتر لە هەموو ناوە حکوومەتییەکانی تر بەکارهێنرا. دوای ڕاگەیاندنی دامەزراندنی جەمهوریەتی کوردستان، سەرۆکایەتییەکەی بە " حاجی بابە شێخ " سپێردرا و ئیتر بە " ڕەئیسی هەیئەتی میللی کوردستان، یان هەیئەت ڕەئیسەی میللی کوردستان" ناودەبرا هێندێ جاریش لەبری وشەی ( ڕەئیس) سەرۆک بەکار دەهێنرا. جارجار هەر بە " هەیئەتی میللی " نووسراوە، دیارە ئەمەش هەر بۆ کورتکردنەوە بووە.(١٢)

ناوی ئەم دەزگای بەڕێوەبردنە، وەک " ئەنجومەنی وەزیران" بووە... کە لە دوای ڕووخاندنی جەمهورییەتەکە، زۆر لە نووسەر و مێژوونووسان ئەویان بەکارهیناوە. زۆریش هەر وایان زانیوە و وادەزانن کە لە سەردەمەکەشدا هەر " ئەنجوومەنی وەزیران " بەکارهاتووە کە وەک لە پێشتر گوتم هەرگیز ئەم ناوە بەکار نەهێنراوە و نەنووسراوە هەر وەک ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردستان و بەڵگەنامەکان بۆمان ڕووندەکەنەوە.

بەڵام خودی ئەم ناوە بۆ سەردەمە نوێیەکە شتێکی تازە و داهێنراو نەبوو، چونکە هەر پێش ئەو دامەزراندنە بۆ بەرێوەبردنی ئەو (خودمختاری) یەی چوار ساڵ بوو بەردەوام، ئەو دەزگای بەڕێوەبردنە بەو ناوەوە هەبوو. هەر وەک پێشەوا قازی محەمەد ئاماژەی پێ کردبوو، کاتێ لێیدەپرسن: " چلۆن خودمختاری خۆتان هەڵدەسووڕێنن؟" بەم جۆرە وەڵام دەداتەوە:

" لەو وەڵاتەی کە توانیومانە خودمختاری خۆمان دەکاربکەین دەگەڵ نوێنەرانی گەورەی میللەتی کورد چەندێک لەوەی پێش لە

مەهاباد حازر بوون ئینتیخاباتمان کرد و هەیئەتێکی ٩ نەفەری بە نێوی هەیئەتی میللی هەڵبژێژدران و سەرۆکی ئەو هەیئەتە بە خۆمە".(١٣)

واتە پێش ڕاگەیاندنی دامەزراندنی کۆمار، پێشەوا خۆی سەرۆکی هەیئەتی ڕەئیسەی میللی بووە. ناوەکەش بەم جۆرە لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستاندا کە لە پێش ڕاگەیاندنی کۆمار چاپ دەکراو بڵاودەکرایەوە، وەبەرچاو دەکەوێ.

لە باسی ئەم هەیئەتی ڕەئیسەی میللییەدا ( ئەنجومەنی وەزیران) دەبێ ئاماژە بۆ دیاردەیەکی سەیر بکرێ ئەوەش بڵاونەکردنەوەی لیستەیەکی تەواوی وەزیر و سەرۆکی ئیدارەکانی حکوومەتەکەیە، نە لە ڕۆژنامەی کوردستان و گۆڤاری کوردستان و هەڵاڵەدا ئەو لیستەیە دەبینرێ و نە لە هیچ شوێنێکی تردا... بۆیە بۆچوونی جیا جیا و جیاواز لە دەستنیشانکردنی لیستەی ناوی وەزیر و وەزارەتەکان و سەرۆکی ئیدارە و ناوی ئیدارەکاندا هەیە.

دووهەم) ناوی دەوڵەتی:

دیسان بۆ ناوی دەوڵەتیش بە هەمان شێوەی ناویە حکوومەتییەکە، چەند جۆری ناو بەکارهێنراوە و نووسراوە کە ئەمانەن:

دەوڵەتی جمهوری کوردستان:

هەرچەند ئەم ناوە زۆر کەم بەکارهێنراوە، بەڵام بایەخ و جێگەی مێژوویی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە لەو تابلۆیەی کە بۆ وەزارەتی فەرهەنگی کوردستان ساز کرابوو کە بریتی بوو لە: ئارمێک، کە لە سەرەوەی بە شێوەی چەنبەر " دەوڵەتی جمهوری کوردستان" و لە ژێریشەوە"وەزارەتی فەرهەنگ " نووسرابوون.(١٤) تا ئێستاش لام ڕوون نەبووتەوە کەی و چۆن و کێ ئەو تابلۆیەی دارِشتووە؟ ئەوە نەبێ کە لە بەرنامەکەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دا، کە لە پێش دامەزراندنی جەمهوریەتەکەدا بڵاوکرابۆوە، ئاماژە بۆ نیشانەی حیزبەکە بەم جۆرە کراوە:

" قەڵم و گوڵە گەنم نیشانەی حیزبە.(١٥) ئیتر بێ ئەوەی باسی ئەوە بکرێ کە نووسین و گوڵە گەنمەکە چۆن بووە، یان قسە لە سەر نیوکۆرە ڕۆژەکەی ناو ئارمەکە بکرێ. بۆیە ڕوون نییە کە ئایا حیزبی دێمۆکراتی کوردستان مەبەستی لەوە، ئارم و تابلۆکە بووە یان نە، چونکە دەکرێ هەر قەڵەم و گوڵە گەنم، بێ دارِشتنی ئارم و تابلۆ بکرێتە نیشانە یا سمبۆل، دوای ئەوەش حیزبەکە هیچ زانیارییەکی تری لەو ڕووەوە بڵاونەکردووتەوە.




لەوانەش گرینگ تر ئەوە بوو کە ئارمەکە لە سەرەتادا لە ناوەڕاستی ئاڵاکەی کۆماردا دانرابوو، وەک لەو وێنەیەی بە بۆنەی هەڵکردنی ئالای کوردستان لە مەهاباد ـ ڕۆژی ١٩٤٥/١٢/١٧دا هەڵکراوە، وا دەردەکەوێ کە ئارمەکە لە سەر ئاڵاکە دانراوە... هەرچەندە لە ماوەیەکی نادیاردا ئەوە بەو جۆرە بووە و نازانرێ کەی لە یەک جودا کراونەوە... ( لە ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵا لە مەهاباد لە ژمارە ٢ی ڕۆژنامەی کوردستان، ٢١ی دیسامبری ١٩٤٥ ئەو مێژووە بە ١٣٢٤/٩/٢٧ نووسراوە کەچی لە ژمارە ٣ دا ـ مارسی ١٩٤٦ بە ١٣٢٤/٩/٢٦ نووسراوە، کە بە گوێرەی ئەم ژمارەیەیان دەبێ لە ١٩٤٥/١٢/١٦دا بوو بێت ).



ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە مەهاباد

لەڕاستەوە: ئەحمەد کەفاش ـ کەریم نازمی ـ محەمەد فەیروزی



ئاڵای کوردستان سەردەمی جەمهورییەتی کوردستان

دەوڵەتی میللی کوردستان:

ناوێکی تری دەوڵەتی کەم بەکارهێنراوە... پێشەوا لە وتاری ڕۆژی ١٣٢٥/٢/٢٠یدا باسی دەکات و دەڵێ:" ئەوڕۆ دەوڵەتی میللی کوردستان زۆر بەهێزە... هتد"(١٦) ڕەنگە هەر وەک وەسف ناوەکە لە سەر زار بووبێت و ناوی هێنابێ. نزیکیشە هەر مەبەستی حکوومەتی میللی کوردستان بووبێت. هەر وەک جۆری تێکەڵیی هەر دوو ناوە حکوومەتی و دەوڵەتییەکە دەبێ ئەو جۆرە

بەکارهێنانەش نائاسایی نەبووبێت، یان بێ لێکدانەوەی قووڵ بووبێت.

دەوڵەتی میللی دێموکراتی کوردستان:

ئەم ناوەش زۆر بە دەگمەن لە چاپەمەنییەکانی سەردەمەکەدا دەکەوێتە بەرچاو. ئەحمەد عیلمی لە نووسینێکدا لە سەرباسی: " زووڵم ئیستعمار نەتیجەی بە کوێ دەگا " ئەو ناوەی تیا بەکارهێناوە.(١٧)

دەوڵەتی خودمختاری کوردستان(١٨)

سەید محەمەد حەمیدی مدیر و سەردەبیری ڕۆژنامەی کوردستان لە وتارەکەیدا کە بە بۆنەی پێئەسپاردنی ئەم کارە ڕۆژنامەگەرییە، لەو کۆبوونەوەیەی بۆ ئەم مەبەست و کارە سازکرا، ئەم ناوەی بەکار هێناوە. زۆر دەگمەن ئەم ناوە بە بەرچاو دەکەوێ. بەکارهێنانی ئەم ناوەش لە کۆبوونەوەیەکی وادا و لە لایەن لێپرسراو و ڕۆشنبیرێکی واوە جێگای سەرەنجە.


جمهوری کوردستان ( جمهوریەتی کوردستان )

لە ناو سەرجەمی ناوە حکوومەتی و دەوڵەتییەکاندا، ئەم ناوە بە شێوەیەکی فراوان بەکارهێنراوە و زاڵ بووە بە سەر ناوەکانی تردا، زیاتریش لەوە جۆرێ لە ڕەسمیی و یاسایی بوونیشی بە خۆیەوە گرتووە سەبارەت بە گەلێ هۆ لەوانە: زۆربەی زۆری وتاربێژانی ڕۆژی ڕاگەیاندنی دامەزراندنی جەمهوریەتی کوردستان لە دوو ڕێبەنداندا ( جمهوری کوردستان )یان بە زار گوتووە و لە ڕۆژنامەی کوردستاندا نووسراوە.(١٩)

ـ دیسان له سەرجەمی ئەو ئاهەنگانەی بەم بۆنەوە سازکران، وتاربێژان هەر ئەم ناوەیان بەکارهێنا.

ـ لەو سوێندە مێژووییەی کە پێشەوا و هەموو لێپرسراو و پێشمەرگەکان سوێندیان پێخوارد، ناوی قەوارەکە بە جمهوری کوردستان براوە و نووسراوە.(٢٠)

ـ لە تەواوی بەڵگەنامەکانی بەرگەکانی دەوڵەتی جمهوری کوردستاندا " جەمهوریەتی کوردستان " نووسراوە.(٢١)


آگـاداری

بەدوای آگاداری ژمارە ٣٠٨ـ ١١ ر ١ ر ٢٥
بولی ٣ هیزی ناوەندی جەهوریتی کوردستان
هەموو برا خوشەویستەکان رادە گەینی کە
پول بەم شەرطانەی ژیرەوە پیشمەرگە رادە گریت:

ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٥٥ شەممۆ ١٨ جوزەردان ١٣٢٥ـ١٩٤٦

ـ لە پلەی یەکەمی ژیانی جمهورییەتەکەدا، لە ڕۆژنامەی کوردستان و گۆڤاری هەڵاڵە و کوردستان دا، زیاتر " جمهوری کوردستان " بەکارهاتووە و نووسراوە.

ـ نووسەران و شاعیران زیاتر " جمهوریەتی کوردستان"یان نووسیوە.(٢٢)

یەکێ لە دیارە سەرنج ڕاکێشەکان لە بەکارهێنانی ئەم ناو دەوڵەتییەدا ئەوەبوو کە دوای ئەو ئالۆگۆڕانە بە سەر جەمهوریەتی ئازەربایجاندا هات، دوای پێکهاتنەکەی لە گەڵ تاران ـ کە بە پلەی وەرچەرخانی دادەنێم و لە بەشی دووهەمی باسەکەدا زیاتر ڕووناکی دەخەمە سەر، ئەم ناوە و ناوی سەرۆک یان ڕەئیس جەمهوریەت زۆر کەم و بە دەگمەن بەکاردەهێنرا، بۆیە زۆر کەم و بە دەگمەن لە مانگەکانی دوایی تەمەنی کۆماردا ئەم ناوە لە ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردستان و هەڵاڵە دا بەکار دەهێنرا و تێیاندا دەبینرێ.

بەو جۆرە لە ڕێڕەوی باسەکەدا دەردەکەوێ کە ناوی " کۆماری دێمۆکراتی کوردستان " و " کۆماری کوردستان " لەسەردەمی جەمهوریەتی کوردستاندا لە دامەزراندییەوە تا ڕووخاندنی لە ئارادا نەبوو، لە ناو ژمارەکانی ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردستان و هەڵاڵەدا بەکارنەهێنراون و نەنووسراون.

تەنانەت بۆ یەکجاریش چییە وەبەرچاو ناکەون، دیسان لە کۆی هەموو بەڵگەنامەکانی ناو بەرگەکانی دەوڵەتی جمهوری کوردستان دا ئەو دوو ناو نابینرێن و هەرگیز بەکار نەهاتوون. بەڵکوو خودی وشەی " کۆمار " لە سەردەمی جەمهورییەتدا هەر بەکار نەهاتووە.

دوای ڕووخان و بەسەرچوونی سەردەمەکە ئەو وشەیە هێنرایە ناو قامووسی سیاسی هاوپێوەند بەو جەمهورییەتەوە. کەوابوو وشەی" کۆمار" لەگەڵ وشەی" دێمۆکرات"یان نووساندنیان بە کوردستانەوە هەر لە ئارادا نەبووە.


بۆیە ناوی " کۆماری دێمۆکراتی کوردستان " ئەسلێکی مێژوویی نییە سەپاندنی وەک ناوی مێژوویی، شێواندنی مێژووی ناوەکەیە و هەڵەیەکی زەقە. چونکە ناکرێ دوای نیو سەدە لەو ڕووداوە مێژووییە خاوەن چەند ناوە، تازە بە تازە ناوێ دابتاشرێ و بە مێژوویی دابنرێ و داوا بکرێ بخرێتە جێگەی ناوە مێژووییەکان. دیارە ناوەکە وەک ناوی کتێب و بەرهەم، بۆ نووسین و ئاسایی ناوهێنان و بۆ خۆلادان لە وشەی بێگانە، وا هەموو کەس سەر بەستە و ئازادە لە بەکارهێنان و نووسینی هەر ناوێکی تریشدا.

کەوابوو ناوی مێژوویی و ڕەسەن هەر ئەوانەن کە باسکران، لاشم وایە، لەبەر ڕووناکی باسەکە، شیاو و گونجاوتر لە ناوی دەوڵەتیدا " جمهوری کوردستان" ( جەمهوریەتی کوردستان )ە، دەکرێ (دەوڵەتی جمهوری کوردستان)یش بەکار بهێنرێ.

بۆ ناوی حکوومەتیش " حکوومەتی میللی کوردستان کە دەکرێ "حکوومەتی کوردستان "یش بەکار بهێنرێ.

دمێنێتەوە چەند ناوێکی تر کە لە سەردەمەکە و دواتریش لە سەر زار بوون، لەوانە: دێموکرات، کۆمەڵە، جەمهوریەتی مەهاباد... هید. ئەوانەش هەر یەک چیرۆک و باسێکی تایبەتی خۆی هەیە... کە لێرەدا مەودای لە سەر نووسینیان نییە و بۆ ئەوەی باسەکەمان

لەوە زیاتر نەبێت با بچێنە سەر لایەنی دووەمی ئەم کورتە لێکۆڵینەوەیە.



بەنیوی خودای بەرزی ھاو

# کوردستان

کوردستان لەلایەن ھەیئەتی تحریریەوە دەردەچی

آبونەمان
یەکساڵە ٣٠٠ ریال
شەش مانگە ١٦٠ ریال
دانەی ٢ ریال

بلاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان

زمارەی -١٠ سالی یەکەم دوشەمو ١٥ ریبەندان ١٣٢٤ ٤- فیوریە ١٩٤٦

## جیژنی سەربەخویی واستقلالی کوردستان

کوکەردوە سید محمدی حمیدی

یا

## دروەشینی استیرەی خوشبەختی کوردان

کوردانی کۆکەرەوەی کوردو کوردستان

روزی ٢٨ ی مانگی بەفرانبار (دیماه) ی ١٣٢٤ شمسی ھەیئەتانی مدیردی ھەمولکەکانی حزبی دیموکراتی کوردستان ونوینەرانی قبایل وعشایر و تەواوی طبقات لەمالک وغیره...

کان خزبك بو باشان بە فراھەم کردنی زمینەوایتیا... واستعدادی کومەل لە ریی دانانی فرقەی دیموکرات اقدامی فەرموو ای کوردستانی مەزن.

ھومیدی سەر بەستی لە رە گوشارەکی وانداوە گەری ونوختەی بەکەیتی اتصال ھەوان وجودی مسعودی رھبەری گەورەیە. لەم کاتەدا بزو کی پیشوای خوشەویست لە نیو سلامی نظامی و جەبلە...

خودمختاری و سەربەخۆیی لە جەمھوریەتی کوردستاندا:

خودمختاری یان سەربەخۆیی جەمھوریەتی کوردستان باسێکی تری شێوێندراو و ئاڵۆزکراوە، سەبارەت بە گەلێ ھۆ، لەوانە:

ـ ئاڵۆزی و تێکچڕژاویی بارووددۆخەکە.

ـ باری و مانۆڤری سیاسی زلھێزەکان و تاران.

ـ باش حاڵی نەبوون لە کاروانی سیاسی و دیپلۆماسی ئەزموونەکە و سەرکردایەتی کورد و بازنەکانی دەوری و ئاستی مامەڵەی ناچار لە سات و کاتی پێویستدا.

ـ ئاسان حاڵی بوون لە سیاسەت و ھەڵوێست و قسە و وتاری پێشەوا، بە تایبەتی لە پلە جیاجیاکانی ناو پێچوپەنای وەرچەرخانە پڕ لە مەترسییەکانی ڕووداوە ئاراستە کراوەکاندا.

ـ باش ساغ نەبوونەوە لەسەر ناوەرۆک و بنەما و مانا و واتای خودمختاری و سەربەخۆیی و جۆری هەڵسەنگاندن و بەراوردیان لەگەڵ جەمهوریەتی کوردستاندا.

ـ باش حاڵی نەبوون لە: مۆلەقەیی و هەڵواسراوی ئەزموونەکەی مەهاباد، بۆشایی و کەلێنی یاسایی و سیاسی، بێ ددانپێدانانی ناوچەیی و هەرێمی و نێونەتەویی. و نەبوونی هەڵومەرجی دامەزراندنی جەمهورییەتێک تەواو سەربەخۆ.

ـ تێکەڵ کردنی حەز و خواستی خۆ و سۆزی خۆشەویستی، شەڕی سیاسی و کۆنە قین و ناکۆکی و ململانێی کۆن و نوێ و پێچانەوەیان لە ناو باس و خواسی خودمختاری و سەربەخۆییدا و گەلێکی تر...

زۆر لە شارەزا و نووسەران بێ درێژەپێدان و چوونە ناو مەبەستی لایەدا خۆیان ساغکردووتەوە و گۆمانێکیان لەوە نییە. هەشە بە پێچەوانە هێندێ جار قسە و مشومڕی لەسەر کراوە بێ ئەوەی تا ئێستاش لێکۆڵینەوە و باسێکی تێرو تەسەل و سەلمێنەر کرابێ، یان بڵاوکرابێتەوە، ئەمـــەش خۆی لە خۆیدا هۆیەکی گرینگی تری ئەو شێواندنەیە.

لاشم وایە هیچ لێکۆڵینەوەیەک ساغکەرەوە و سەلمێنراو نابێت ئەگەر ئەم خاڵانەی سەرەوە و ئەم لایەنانەی خوارەوە ڕوون و یەک لا نەکرێتەوە و بە گشتی تابلۆیەکی سەرجەمی بارودۆخ و هەلۆمەرجەکانیان لێ وێنەگیر نەکرێ:

یەکەم) کورد و جەمهورییەتەکەی و لایەنە خۆییەکان و هاوپێوەندییان ڕووداوەکانەوە و بۆچوونی هەر لایەک و ڕادەی دوور و نزیکیان واقیعەکەوە:

ـ لایەنی ڕەسمی: لە ناو مامەڵەی حکوومەتەکەدا، ڕا و بۆچوونی سەرۆک جەمهور کە سیاسەت و ئامانجەکان بەرانبەر بە لایەنەکانی هاوپێوەند و چارەنووس ساز بە ئەزموونەکە دەردەخەن.

ـ نووسەر و شاعیران و جەماوەری کورد بە گشتی.

ـ ئاستی ئامادەیی کورد لەو مەڵبەندە بچووکەدا بۆ کارێکی وا گەورە.

دووهەم) تاران و هەڵویستی بەرانبەر بە جەمهوریەتی کوردستان نەخشە و سترانتیجیَ.

سێیەم) کۆماری ئازەربایجان و ڕاستیی هەڵوێستی بەرانبەر بە جەمهوریەتەکە. بە تایبەتی نەخشە و کاریان، گرفتی سنوور و ناوچە تێکەڵەکان.

چوارەم) یەکێتی سۆڤێت و سیاسەتی بەرانبەر بە کورد و سەربەخۆیی کۆمارەکە.

پێنجەم) بریتانیا و ئەمریکا و هاوکارییان لەگەڵ تاران، نەخشەیان بەرانبەر بە کورد و ئازەرییەکان، هەروەها دەوڵەتی تورکیا و عێراق و ڕۆڵیان لە هاوکاری و پیلاندا لە دژی کورد و کۆمارە ساواکەی.

شەشەم) باری جیۆپۆلیتیکی کوردستان و ڕۆڵی لە خولقاندنی کۆسپ و تەگەرە لەبەردەم خواستیی سەربەخۆییدا.

حەوتەم) لایەنی ئابووری و نەبوونی زەمینەی خولْقاندنی ئابوورییەکی زەمینە پتەو کە دەولْەتی سەربەخۆی پێدابمەزرێ و بەردەوام بێت، یا نەخولْقاندنی ئەو ئابوورییە.

ئەوانەی لەسەر سەربەخۆبوونی جەمهوریەتی کوردستان ساغ بوونەتەوە ئامادە نین هیچ بۆچوونێکی تر گوێ لێ بگرن، سەبارەت بە چەند بنەما و دیارەدەیەکی ئەو قەوارەیە کە کراونەتە بەلْگەی سەلمێنەری بۆچوونەکەیان، گرینگەکانیان:

ـ بوونی بیر و ئامانجی سەربەخۆیی لە مێشکی زۆربەی خەلْکی کورددا، بەتایبەتی خوێندەوار و ڕۆشنبیران و ئینجا یەکێ لە ڕاسپاردە گرینگەکانی کۆبوونەوە بیست هەزار نەفەرییەکەی دووی ڕێبەندان: " لەو جێگایانەدا کە ئێستا کوردی تێدا دەژین بە ئیستقلالای تەواو بگا."(٢٣)



پێشەوا قازی محەمەد

ـ دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتییەکی خۆماڵی ئازاد لە دەست تێوەردانی ڕژێمی داگیرکەر، بە ناوی جەمهوریەتی کوردستان، هەڵبژادنی سەرۆک کۆمار، دامەزراندنی وەزارەتی هێزی دێمۆکراتی کوردستان، داڕشتنی ستروکتوری سپایی و ئیداری.

ـ هەڵکردنی ئاڵای سێ ڕەنگی کوردستان، بوونی ئارم و تابلۆ، مۆسیقا و سرودی میللی و ڕێوەڕەسمی سەردان و یاد و پێشوازیی جێژنە نەتەوایەتی و ئاییەنییەکان.

ـ نەمانی شوێنەواری داموودەزگا و ئەرتەشی داگیرکەر و زوڵم و زۆری و چەوساندنەوە.

ـ بووژانەوەی کولتوور و ئەدەب و زمانی کوردی، بوونی میدیای ئازاد ( ڕادیۆ و ڕۆژنامە و گۆڤار...) و سەربەستی نووسین و قسە و هاتوچۆ و کردنەوەی قوتابخانە و خوێندن و بە زمانی کوردی.

ـ مامەڵە دیپلۆماسی لە گەڵ کۆماری ئازەربایجان و تا ڕادەیەکیش یەکێتی سۆڤێت، گفتوگۆکردن لەگەڵ تاران وەک لایەنێکی خاوەن ئامانجی دوور لە زۆرکاری و فەرمانی داگیرکەرانەی ڕژیم.

ـ مامەڵە لەگەڵ بەشەکانی تری کوردستان و بوونی هێزێکی گرینگ کە لە کوردستانی عێراقەوە گەیشتبوونە ناوچەکە.(٢٤)

ـ بەکارهێنانی وشەی سەربەخۆیی، ئیستیقلال تام و تەمام، سەربەخۆیی و یەکخستنەوەی کوردستان و... لە لایەن پێشەوا و لێپرسراوانی تر و ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردستان و بڵاوکراوەکانی تر، دیسان لە وتار و نوتقدا، بەتایبەتی لە پلەی یەکەمی مێژووی جەمهوریەتی کوردستاندا.

لێرەدا دەکرێ بپرسین ئایا ئەوانە بەس بوون بۆ سەربەخۆبوونی قەوارەکە؟ سەربەخۆ بە مانای وشە واتە جیابوونەوە لە لەشی ئێران و پچڕاندنی هەموو جۆرە پێوەندییەکی داگیرکەرانە و ژیانی ناو سنووری ئێران لە ڕووی بەرێوەبردن، جوگرافی، سیاسی و یاساییەوە... جگە لەوە، لاخستنی هەڵوێست و بڕیاری لاکانی هاوپێوەند بە سەربەخۆیی جەمهوریەتی کوردستان، کە لە ڕاستیدا خاوەن و سەرچاوەی بڕیاری چارەنووس ساز بوون، نەکە هەر بۆ کورد، بەڵکوو بۆ کۆی مەسەلەکانی هاوپێوەند بە ئێران و ناوچەکەوە، مانای تێنەگەیشتن لە مانا و هەلومەرج و

پێداویستییەکانی بوونی جەمهورییەتێکی تەواو سەربەخۆیە. مانای دوورییە لە زانیارییەکانی هاوپێوەند بە بوونی چەندین دەوڵەت و وڵاتی فرە نەتەوە لە شێوەی فیدراڵی و کۆنفیدراڵیدا کە هەر یەکەیان چەندین قەوارە و کۆماری خاوەن هەلومەرج و دیاردەی وەکوو بوونی سەرۆک کۆمار، ئەنجومەنی وەزیران، ئاڵا و ئارم تا ئەندامەتی (یووئەن) بووە بە پێ پێناسەی ناو دەوڵەتیش دەگرتیەوە کە ئەگەر لە وانەی ناو جەمهوریەتی کوردستان زیاتر نەبوون وا کەمتر نەبوون.

ڕووخانی یەکێتی سۆڤێت، کە لای لاوازی دێمۆکراسی و لای سەقامگیریی هێزی داپلۆسەری دیکتاتۆری یەک چینی بوو، بە بەراورد لە گەڵ دەوڵەتانی تردا بۆمان دەردەخات کە جەمهوریەتەکانی ناو سنوورەکەی لە چ ئاستێکدا بوون، چونکە بە ڕووخاندنەکە هەر یەکە وەک دەوڵەتی سەربەخۆ بە بوونی زۆر لە هەلومەرجە گرینگەکانییەوە هاتنە ئاراوە یان دەرکەوتن کە تەنها پێناسەی نێو دەوڵەتانیان گەرەک بوو، دیارە لە ڕووی یاسایی و سیاسییەوە. بۆیە ئەو دەوڵەتەشم بە نموونە هێناوە تا دیمەنی هەلومەرجی دامەزراندنی جەمهورییەتەکە و هێندێ دیاردەی وەکوو ناو و ئارم کە نامۆ نەبوون بەو کۆمارانەی ناو یەکێتی سۆڤێت بهێنرێنە بەرچاو. یوگوسلاڤیاش نموونەیەکی ترە بۆ ئەو بۆچوونە.

ئەگەر وردتر سەرنج بخەینە سەر ئەو لایەنانەی ڕەخساندنی هەلومەرجی سەربەخۆییان پێوە بەسترابوو، ناوچەیی و هەرێمی و نێونەتەوەیی، جگە لە لای بەرانبەر کە کورد خۆی بوو، وا تابلۆ سیاسییەکە بەمجۆرە دێتە بەرچاو:

ـ ڕژێمی تاران، ڕاستەوخۆ لە دژی جەمهورییەت و سەربەخۆیی و نەتەوەی کورد و هەموو جۆرە مــافێکی نەتەوایەتی و دێمۆکراسی و مرۆڤی بووە...

ـ دەوڵەتانی تری سەر سنوور، تورکیا و عێراق، ڕاستەوخۆ دژ بوون، باری جیۆپۆلیتیکیان تەواو دژوارتر کردبوو، هاوکارییان بۆ ڕووخانی دەوڵەتەکە دەکرد. پەیمانەکەش لەگەڵ تاراندا، بە بێ ئاگاداری کورد، شکاندنی بەڵێن و پەیمانی یەکێتی و برایەتی بوو لە گەڵ کورددا.

ـ ئەمریکا و ئینگلیز ڕاستەوخۆ لە دژی جەمهوریەتی کورد بوون، نەک هەر لەبەر سەربەخۆیی، بەڵکوو وەک خودمختاریش، بۆیە بە هەموو جۆرێ لە گەڵ ڕژێمدا بوون.

ـ ئازەربایجان یەکەم دۆستی ستراتیجی و هاوچارەنووس، هەرچەند لە مامەڵەی ئاشکرایدا دۆستی یارمەتیدەر بوو، بەڵام گەرەکی بوو کوردستان بە پاشکۆی خۆیەوە ببەستێتەوە، هەر وەک بەشێک لە ئازەربایجان سەیری دەکرد.

ـ یەکێتی سۆڤێت، لە دژی سەربەخۆیی بوو، بگرە کارێکی واشی نەکرد کە وەک خودمختاریش بمێنێتەوە، لە پێناوی بەرژەوەندیی خۆیدا ئامادەی هەموو جۆرە هاوکارییەک بوو لە گەڵ تاراندا. بۆیە لە ئاکامی مانۆڤرە سیاسییەکەیدا، لە پێناوی نەوتدا سێ ستراتیجی خنکێنەری بەسەر سەرکردایــــەتی کورددا سەپاندبوو، مەبەستم: ستراتیجی بەرگری و نەجووڵان، ستراتیجی گفتوگۆ و نەرم و نیانی لە بەرانبەر تاران، و سێیەم: درۆشم و ئامانجی خودمختاری و مانەوە لە ناو ئێراندا لە هەر بارودۆخێکدا بێت.

بۆیە هەموو زلهێزەکان و تاران لە چەندین پەیمان و ڕێک کەوتن و کۆبوونەوەدا بڕیاریان دابوو کە " ڕێز لە یەکێتی ئەرز و حاکمیەت و سەربەخۆیی ئێران بگرن. پەیمانێ نەبەستن زەرەری یەکێتی حاکمیەت و سەربەخۆیی سیاسی ئێرانی تێدابێ. کاری نەکەن زیان لەو یەکێتییەی ئێران بدات، دوای شەش مانگ لە بڕانەوەی جەنگ ئێران چۆل بکەن".(٢٥)

سەرەڕای هەموو ئەوانە جەمهوریەتی کوردستان هیچ کاتێ بە نامە و یادداشت داخوازی جیابوونەوە لە ئێران و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ و ئازادی ئاراستەی تاران، مۆسکۆ، زەلهێزەکانیتر و یووئەن نەکردبوو بە ڕەسمی داوای ددانپێدانان و پێوەندیی دیپلۆماسی نەکرد، بەڵکوو تەواوی تەقەلای لەسەر ئەوە چڕ کردبوو کە وەک حکوومەتێکی خودمختاری خوڵقاوی ناو بار و هەلێکی سیاسی پێناسینی یاساییشی بۆ بخوڵقێ.

خودمختاری و سەربەخۆیی لە جەمهوریەتی کوردستاندا

پێش ئەوەی لەناو کرۆنۆلۆجی ڕووداو و وتار و دیدەنیی ڕۆژنامە و پەیمان و نووسینی( ڕ . ک )دا، بچینە ناو بەڵگەنامە سەلمێنەرەکانی خودمختار بوونی جەمهوریەتی کوردستان، باش وایە لەوە بگەین و بزانین بیری " خودمختاری " و مەبەستی " سەربوخۆیی " چۆن پەیدا بوون و لە کوێوە سەریان دەردهێنا...

لە پیش دامەزراندی جەمهوریەتی کوردستان و حیزبی دێمۆکرات و بگرە کۆمەڵەی " ژ ـ ک "یشدا بیر و دروشمی سەربەخۆیی کوردستان لای خوێندوار و بەشێک لە خەڵکی شار و ڕابەر و سەرکردەکانی کورد جێگەی خۆیان گرت بوو...

تا ئەو سەردەمە ئامانجی سەرجەمی ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی کورد هەر سەربەخۆیی بووە...

بەڵام لەو پلەیەی سەردەمی داگیرکردنی ئێران دا، لەو بەشەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بیری دامەزراندنی قەوارەیەکی خودمختار هاتە ئاراوە و زیاتر لە ڕووسەکانەوە دەستپێشخەری کرا. هەرچەندە ڕیشەی بیری خودمختاری، بە گشتی بۆ کورد دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٩١٨ ـ ١٩٢٤ دوای یەکەم جەنگی جیهانی ئینگلیزەکان، لە سەرەتادا دەیانویست کوردی باشووری کوردستان بەوە ڕازی بکەن تا دەسبەرداری سەربەخۆیی بێت، لە دواییدا لەوەش پەشیمان بوونەوە.

ئیتر ڕووسەکان و ئازەرەکان وەک بڕیارێکی سەقامگیر، سووربوون لەسەر ئەوە و، کوردیشیان پێ ڕازی کردبوو، و کەوتنە هەوڵدان بۆ دامەزراندنی و لەوەدا هەنگاویان بۆ نا...

پێشەوا قازی محەمەد ئاماژە بۆ بوون و دامەزراندنی ئەو قەوارە خودمختارە تەمەن چوار ساڵییە دەکات کە لە پێش دامەزراندنی جەمهوورییەتەکەدا پێکهێنرابوو، وەک لە دوایی دا ئاماژەی پێ دەکەم، دیارە ڕووسەکان نموونەی کۆمارەکانی ناو سنووری یەکێتی سۆڤیەتیان بۆ ئــازەربایجان دەخواست. ئەوە بوو دوای بگرە و بەردەیەکی زۆر لەناو جەخت و سووربوونی یەکلایەنەی کورد خۆی دا... بۆ ئەمیش ڕەخسا. بەڵام لە ڕووی پراکتیک و یارمەتی، جۆرێکی تر بوو، ئەو خودمختارییە سەبارەت بەو هەل و مەرجانە، بووە ئامانجی حیزبی دێموکرات، لە جێگای ئامانجەکەی (ژ ـ ک) کە سەربەخۆیی هەموو کورد بوو.

لە سەفەری دووهەمی وەفدەکەی کورددا بۆ باکۆ ( سیپتامبری ١٩٤٥ ) جەعفەر باقرۆڤ سەرۆک کۆماری ئازەربایجان سۆڤیەت، زۆر هەوڵیدا لەناو کۆماری خودمختاری ئازەربایجاندا، کورد بە خودمختاری ڕازی بن، بۆ نموونە ژیانی گەل و نەتەوەکانی ناو سۆڤیەتی بۆ باس کردن...(٢٦) بۆ ئەوەی ناوبراو بتوانێت نوێنەرانی کورد بەوە ڕازی بکات، و کورد سووربوو لەسەر سەربەخۆیی بۆ کوردستان. کە مەبەست لەوە سەربەخۆیی بوو لە ئازەربایجان و قایبل بوون بە خودمختاری لە ناو ئێراندا، هەر وەک خودمختارییەکەی ئازەربایجان.

لە دواییدا لە ناو قسە و وتارەکانی سەرۆک کۆماردا دێمەوە سەر ئەم لایەنە. بەڵام ئازەرەکان لە هەر دوو دیوی سنوور، بە کردەوە خواستی خۆیان داسەپاند، چونکە کوردیان ئەوقی کۆماری ئازەربایجان کردبوو لە ڕووی ئابووری و یارمەتی چەک و لایەنی سیاسی و گفتوگۆ و هاتووچووە، بەرانبەر بەوە لە ڕووی قسە و هەڵوێستی سیاسییەوە کوردیش سووربوو لە سەر ئەو سەربەخۆییە تا سەردەمی وەرچەرخان...

ڕاستییە هەڵهێنجراوەکان

لام وایە زیادەڕەوی نابێ ئەگەر بڵێم پێشەوا قازی محەمەد وەک یەکەم لێپرسراوی سیاسی و سەربازی، شارەزا و ئاگادارکراو لە هەندێ لایەنی نهێنی، تێگەیشتوو لە گەلێ گرفت و کۆسپ و لە ڕەوتی ڕووداوەکان و هەندێ لایەنی مانۆڤرە سیاسی و سەربازییەکان... دیپلۆماسییانە دەجووڵاوە و مامەڵەی دەکردن. لە ساتی گۆڕان و وەرچەرخاندنە بەزیانەکاندا لە کاتی پێویستدا

پاشەکشەی سەپاوی دەکرد، هەڵوێستی خۆسازاندنی بە ناچاری وەردەگرت، زیرەکانە دژە کرداری بەرانبەر هەنگاوی خراپی دۆستە هاوپەیمانەکە ئاشکرا دەکرد... وردەکاریی وشە و ڕستەکانی ناو وتارەکانی گەلێ مەسەلەی هاوپێوەند بەوانە و بەو خودمختاری و سەربەخۆییەوە ڕووندەکەوە... لە ڕاستیشدا هەندێ لەو ڕستانەی هاوپێوەند بەو باسەوە، جۆرە تێهەڵکێشی و تێکەڵاوییەکیان تێدا هەیە کە هەڵێنجانی مەبەست لێیان ئاسان نییە.

بۆ پەنا بردن، بەر بەڵگەنامە و هەڵوێست و قسە و وتاری لێپرسراوان بۆ سەلماندنی خودمختاری بوونی جەمهووریەتی کوردستان ، باشتر وایە لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانەوە دەست پێبکەین کە، تەنها چەند مانگێک پێش بڵاوکردنەوەی دامەزراندنی جەمهووریەتی کوردستان، پێک هێنراو ( ١٦ی ئاگوستی ١٩٤٥ ) بووە ڕابەر و دامەزرێنەری ئەو قەواریە ( ٢٢ ـ جانیوەری ١٩٤٦ ).

ــ لە ڕاگەیاندنی دامەزراندنی حیزبەکەدا ئامانجەکەی وا داڕێژرابــوو: نەتەوەی کورد لە داخلی ئێران دا بۆ هەڵسووڕاندنی کاروباری مەحەللی خۆی خودمختاری خۆی بخاتە دەست خویەوە.

ــ بەرەبەرەش ئەو ئامانجی خودمختارییە لە ناو سنووری ئێراندا بەرەو چەسپاندن دەچوو، تا لە بەرنامەکەشیدا بەمجۆرە دەست نیشان کرا:" فەسڵی دووەم ٤ـ ئامانجی گەورەی حیزب لە قۆناغی ئێستادا پارێزگار کردنی مافەکانی خەڵکی کوردە لە سنووری دەوڵەتی ئێران دا وە مسوگەر کردن و بە دەستهێنانی دەبێت لە

هەموو ئەو ناوچانەدا کە بە درێژایی مێژوو تیایا ژیاوە و زەحمەتی کێشاوە خود مختاری خۆی هەبێت ئەبێ لە کوردستان دا دێمۆکراتیەت لە بنچینەدا بۆ دەستکەوتی خەڵک بێت ... هتد " (٢٧)

بەو جۆرە ئامانجی حیزبەکە بە ڕوونی و بێ تەمومژ دەست نیشان کراوە...

لێرەوە تا ئەو کاتەی جەمهوورییەت دامەزرێنرا، هیچ جۆرە گۆڕانێک بە سەر ئەو ئامانجەی حیزبەکەدا نەهات و نەکرا. سەلمێنەری ئەو بۆچوونەش، ئەو دیداری ڕۆژنامە نووسییەیە کە خاوەنی ڕۆژنامەی " ایران ما " و " فرمان "ی تارانی لە گەڵ پێشەوادا ئەنجامیان دا...

کاتێ لێی دەپرسن:" لە تاران دەڵێن کوردان بە ڕەهبەری جەنابت جوی بوونەوە و ئیستقلالی کوردستانیان دەوێ، ئایا ڕاستە؟".

لە وەڵامدا دەڵێ:" خێر ڕاست نیە، لەبەر ئەوەی کە ئێمە لە دەوڵەتی ئێران ئەجرای قانوونی ئەساسیمان دەوێ و دەمانەوێ بە خودمختاری لە ژێر بەیداغی ئێراندا بژین و خودمختاریشمان وەگیرکەوتووە."

پرسیار: چەند وەختە ئەنگۆ خودمختارن؟

وەڵام: چوار ساڵە خودمختاری داخلیمان هەیە... "(٢٨)

تا ئێرە، ئەوەی ناوی سەربەخۆییە لە ئێران، ئەوەی ناوی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە، نە باسکراوە، نە بیری لێکراوەتەوە، بەڵکوو بە درۆش خراوەتەوە، بۆیە لە بەردەم

خۆ ئامادەکردن بۆ بڵاوکردنەوەی دامەزراندنی ج. د. ک هیچ جۆرە گۆڕانێک نەکرا و نەهاتە ئاراوە.

لە دامەزراندنی جەمهوریەتی کوردستاندا ئەگەر بڕیاری سەربەخۆیی درابایە وادەبوو پێشەکی(ح. د. ک) پرۆگرامەکەی بگۆڕیبایە، یان دوای ئەوە ئەو گۆڕانە بکرابایە یاخود لە دووی ڕێبەندانداندا سەرۆک کۆمار بڵاوی دەکردەوە، یان لەو ڕۆژەدا بڵاودەکرایەوە، و یا ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردستان تۆماریان دەکرد. جگە لەوە، ئەو سوێندەی لەو ڕۆژەدا لەبەر دەم " قورئانی موقەدەس و نەقشەی و ئاڵای کوردستان"دا پێشەوا و هەموو لێپرسراوان و ئامادەبووان سوێندیان پێخوارد... جۆرێ لە ڕاگرتنی بەڵانسی سیاسی لە گەڵ ئازەربایجاندا وەبەرچاو دەکرێ کە بەمجۆرە بوو:

" ئەمن بە خودا، بە کەلامی عەزیمی خودا، بە نیشتمان بە شەرافەتی میللی کورد، بە ئاڵای مووقەدەسی کوردستان سوێند دەخوم کە تا ئاخر هەناسەی ژیانم و ڕژاندنی ئاخر تەنووکی خوێنم بە گیان و بە ماڵ لە ڕێ ڕاگرتنی سەربەخۆیی و بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستاندا تێبکۆشم و نەسبت بە ڕەئیسی جەمهووری کوردستان و یەکەتی کورد و ئازەربایجان مووتیع و وەفادار بم ".(٢٩)

لە بەرانبەر ئەو سەربەخۆییە ـ دیارە لە ئازەربایجان ـ ئەو "یەکیەتی و موتیعی و وەفادارییە بۆ ڕاگرتنی بەڵانسەکە پێویست و گرینگ بوو. چونکە ئازەرکان بەردەوام خواستی خۆیان لە مەبەستەکەیان بەرانبەر بە کورد نەدەشاردەوە، ئەوەی

سەرکردایەتی کورد ناچار دەکرد بۆ ئەو جۆرە بەڵانس ڕاگرتنە، بەوجۆرە ڕستە و زاراوانە، بەستنەوەی کۆمارەکە بوو بە ئازەربایجانەوە لە ڕووی ئابووری، پارە و ئازووقە و چەک، وە تا ڕادەیەکی زۆریش لە ڕووی سیاسییەوە، چونکە ڕووسەکان زیاتر و ڕاستەخۆ مامەڵەی تەوریزیان دەکرد ئەمەش بووە هۆی ئەوە کە پێشەوا لە هەندێ بۆنەی تردا قسەی لەو جۆرە بابەتە بکات. بەرانبەر بەوە سەرکردایەتی ئازەربایجان بێ گوێدان بەوانە و بەردەوامیش لە ناو قسە و کرداردا گوشاری خۆیان دەخستە سەر سەرکردایەتی کورد...

هەر لێرەشەوە، وەدوای ئەو سووربوونە، پێشەوا ناچار بوو کە ئەو ڕاستی هەڵوێست و خواستەی کۆماری ئازەربایجان بە ئاشکرا بە جەماوەر بگەیەنێت و بە ڕوونی باسی سەربەخۆ و ئیستیقلالی کوردستان لە ئازەربایجان بکات، لێردەدا تەنها دوای دە ڕۆژ لە بڵاوکردنەوەی دامەزراندنی جەمهوورییەت و لە جێژن و بانگهێشتنی ئاغای جەعفەر کەریمی بە بۆنەی سەربەخۆیی و ناساندنی پێشەوای کوردستان ( ١٢ی ڕێبەندان ١٣٢٤ ) لە ناو وتارەکەیدا پێشەوا بە مجۆرە پەنجە بۆ ئەو مەسەلە سیاسییە درێژ دەکات:

" ئەوڕۆ کە ئیستیقلالمان دەوێ پێویستە کە هەموو کارێک خۆمان جێ بە جێ بکەین. ئەوڵی ئیدەعای خۆمان کرد کە لە حەدوودی دەوڵەتی ئێراندا خودمختاریمان دەوێ یانی ئێران ئیحتیاجی مە ڕەفع بکا و بۆ میللت کار بکا.

دوو دەفعە لە لایەن ئازەربایجانەوە بۆ تەورێزیان بانگ کردم کە لە ئازەربایجاندا گریمان هەبێ، ئەمن پێشنهادی وانم قەبووڵ نەکرد چۆن میللەتی کورد چوار ساڵە کە خودمختارە و داوای ئیستقلالی و تێک خستنەوە تەواوی خاکی کوردستان دەکا. زۆرم پێ گران بوو کە لەو حقەی دەست هەڵبگیرێ و ئیحساساتی ئێوە مانعی ئەوەی بوو کە ئێمە بە خودمختاری ڕازی بین، چونکوو کە ماوەی ئەو چەند ڕۆژە کە جێژن گیراوە ئیحساساتێکی ئێوە نواندوتانە وێنەێیکی حساس و کامیڵە دەبێ دنیا بزانی کە کورد لیاقەتی ئیستقلالی و سەربەخۆیی هەیە ".(٣٠)


ماوەی ئەلاپەرە ٣

جێژن و بانگ هێشتی آغای جعفری کریمی بە بۆنەی
(سەر بەخۆیی و ناساندنی پیشوای کوردستان)

ساتی سی باش نیوەرو روژی هەینو ١٢ ریبندان ١٣٢٤ بەهوی بانگهیشتنیك کە لەلایەن آغای جعفری کریمی بە افتخاری آزادی و سەر بەخویی و ناساندنی پیشوای کوردستان کرابو جیژنیك لە سالونی انجمنی فرهنگی گیرا جەنابی حاجی سید باباشیخ سیادت و جەنابی شیخ محمد معصوم شبانی و زماریکی زور لە علمای عظام و آغایانی عشایر و تجار و محترمین لە سالونی نیو براو حضوریان بوو ساتی ٣٠ - ٣ باش نیوەرو ذاتی معظمی پیشوا لە نیو هەراو جەپلەریزان وشادی تماشاچیان پیدابو ولە پیش درگی حزبی مراسمی گاو گردون بەجی هات و کەلەی جونە گاکە بان ها و بشتە بەر پی پیشوای بەرز و آغای جعفری کریمی خطاب بە پیشوای بەرز ئەووتانەی ژیرەوەی اظهار کرد: بەرقەرار و پایندەبی پیشوای کوردستان. بە بارمەتی خودای بەرز هەر کەس کە زەوی و خاکی کوردستان بیت وەك ئەو ...

وەك دەبیناونانی ذاتیکی لە خورابردوی وەك جەنابی قاضی محمد پیشوا وەدستمان کەوتوە وخودا بی عطا کردوین پیوستە بوراگرتنی او نعمەتە و پایداری پیشوای بەراو گدبیز خوبان لە بەدلی مال و نیثاری گیان خونەباریزین واو فرمایشەی حضرت علی (ع) بکەینە نصب العینی خرمان:
اذا کانت الابدان للموت خلقها
فموت الفتی بالسیف واللە اجمل
آناتول فرانس دەلی وەگیر کەوتنی نیوو شورەت ئەوندە گران نیە بەلکو لە پاش وەدەس کەوتن راگرتنی زحمەتە بەلی حقیقتاً راستە او ذاتە معظمە کە مظهری زانست و سیاستە توانی دفیو موجانی سهمناکی سیاستی اوەرنەدا سینگی نوی بو کوردانی بەش خوراو دربەدەر کراو بکاتە سوپەر وآزادیەکی کەاورو تیدابن بوماو وەدەست بینی ابوەش بزانن ئەورو تەواوی میللەتی دونیا بەنابەتی کوردانی زیر جەبوك ودیل ...


جەعفەر ئاغای کەریمی - ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٣٠

لێرەدا خواست و چاوتێبڕین و گوشاری ئازەرەکان بۆ گرێدانی کورد بە خۆیانەوە دیارە، بەرانبەر بەوە پێشەوا سووربووە لە سەر سەربەخۆیی، لێرەدا واتەی سەربەخۆیی و سەربەخۆبوون... ڕوونە، چونکە ڕاستەوخۆ قسەکەی بەرانبەر ئازەربایجان و داواکەیەتی، خۆ ئەوەش دەزانین کە ئازەربایجان خودمختار بووە و داوای

سەربەخۆیی نەکردووە، کوردیش هەردەم خۆی بە هاودەرد و شەریکی ئازەرەکان زانیوە.

کاتێ باسی خودمختاری لە ناو ئێران دا دەکات هیچ جۆرە دژایەتییەک، ئەلترناتیڤێک یا گۆڕانێک باس ناکات، ئەمەش هەر نکولی نەکردنە لەو خودمختارییە. کە باسی یەک خستنەوەی تەواوی خاکی کوردستان دەکات.. لە بەر ئەوەی خودمختارییەکەی ڕەتنەکردووتەوە... بۆیە دەکرێ هەر بە ڕۆژهەلاتی کوردستان دانبرێ. بە تایبەتی لە وتارەکانی ئاییندەیدا ئەو ڕاوبۆچوونانە زیاتر جەخت لەسەر دەکات، دەبێ ئەوەش لەبەرچاوبێ کە... دیاردەیەکی گرینگ لە وتارەکانی پێشەوادا بۆ تێگەیشتنیان، ئەوەیە کە دەبێ ورد سەرنج بدرێتە پاش و پێشی ئەو ڕستانەی "سەربەخۆیی" و "ئیستقلالی تام و تەمامی " تیا بەکارهاتووە، سەرنجی کۆی وتار و نوتقەکان بدرێ. ئینجا دەبێ بە وردی لە بارودۆخ و ڕەوتی ڕووداوەکان و هۆی قسە و نوتقەکانی بگەین، ئەوسا لە مەبەستی سەرەکی و مانای ڕستەکانی دەگەین.

یەکێ لە ڕووداوە هەستیار و گرینگەکانی ئەو پلەیەی مێژووی تەمەن یەک ساڵەی جەمهووریەتی کوردستان، بەستنی پەیمانی برایەتی و یەکیەتی نێوان کوردستان و ئازەربایجان بوو کە تیایا خۆبەستنەوەی کۆمار بە سنووری ئێرانەوە زۆر بە ڕوونی لە دیباجەی پەیمانەکەدا جەخت لەسەر دەکات:

" متنی پەیمانی یەکەتیو برایەتی حکوومەتی میللی کوردستان و ئازەربایجان ".

" چونکوو میللەتی ئازەربایجان و کوردستان هەموو کاتێک لە قازانج و زیاندا پێکەوە شریک بوون و لە عینی حاڵیشدا... هتد".

ئینجا بەمجۆرە هاوپێوەندیی لە گەڵ ئێراندا باس دەکات:

" ئەو دو میللەتە برایانە نەک هەر بۆ جێکردنەوەی ئازادی خۆیان بەڵکوو بۆ دامەزراندنی ئازادی لە سەرتاسەری ئێران بۆ هەموو وەختێکی دەستیان داوەتە دەستی یەکدی جا لەبەر ئەوە لە ڕۆژی سێ شەممۆ ٣ی بانەمەڕی ١٣٢٥ ساتی ٥ی ئێواری لە شاری تەورێز لە عیمارەتی میللی ئازەربایجان بە حەزوی سەرانی حکوومەتی میللی کوردستان...

ڕەئیسی حکوومەتی میللی کوردستان جەنابی قازی محەمەد... هتد".(٣١)

دیارە ئەگەر جەمهوورییەتی کوردستان سەربەخۆ بوایە، خۆی نەدەبەستەوە بە ئازادیی سەرتاسەری ئێران، ئەم خۆبەستنەوەیەش مانای ڕازی بوون بووە بەو خودمختارییەی بڕوای پێی هــەبووە کە تەواو دوور بووە لەسەربەخۆیی ئەو بەشەی ڕۆژهەلاتی کوردستان، دیارە مەبەستم سەربەخۆیی تەواوە لە ئێران و جیابوونەوەیە لە وڵات و دەوڵەت، مانای دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوایەتی ئازادە لە هەموو ڕوویەکەوە.

کەمتر لە سێ هەفتە دوای ئەو پەیمانە، لە کۆبوونەوەی ١٣٢٥/٢/٢١دا جارێکی تر بۆچوونی تایبەتی پێشەوا بۆ "سەربەخۆیی "یەکە لەو وتارەی ئەو ڕۆژەی دا بەم جۆرە دەردەخات:

"دەنا لـە پاش ئـەوەی کە ئـەمە ئیستقلالـی تام و تـەمامـی خۆشمان بـەدەست هێنابوو وەلـی لـە حکوومەتـی مـەرکـەزی مـەعلووم بکـەین و بـە دنیاش نیشان بدەین کە ئـەمە کە ئـەو کارانـەمان کردووە لـەبـەر مـەخالـەفـەت لـەگـەڵ دەستگای دیکتاتوریە نـە ئینکی کورد لـە برایـەتـی فارسان حاشا بکا یا بـە ئێرانیـەتـی خۆی ئیفتیخار نـەکا...".(٣٢)

حاشانـەکردنـی کورد لـە برایـەتـی فارسان، ئیفتیخار کردنـی کورد بـە ئێرانییـەتـی خۆی، تـەواو دوور و پێچـەوانـەی سـەربـەخۆیی بوون، و ڕستـەی " ئـەمە ئیستقلالـی تام و تـەمامـی خۆشمان بـەدەست هێنا" لـەگـەڵ ئـەوانـەدا نـەک هـەر یـەک ناگرنـەوە بـەڵکوو تـەواو دژ بـە یـەکن، ئـەگـەر مـەبـەست لـەوە سـەربـەخۆبوون بووبێ لـە ئێران، بۆیـە لام وایـە کە مـەبـەست لـەوە هـەر سـەربـەخۆبوون لـە ئازەربایجان... چونکە ناکرێ پێشـەوا لـە یـەک وتاردا بۆ یـەک مـەبـەست لـە چـەند ڕستـەیـەکی پێکـەوە بـەستراودا، دوو بیر و دوو واتا و دوو ڕستـەی تـەواو دژ بـەیـەک کۆبکاتـەوە.

هێنانـەوەی ئـەو نموونانـە بۆ سـەڵماندی خودمختاربوونـی جـەمهووریـەتـی کوردستان، تـەنها بۆ ڕوونکردنـەوەی حـەقیقـەتـی ئـەو قـەوارەیـە کە هـەبووە، دیسان قسـە لـە سـەر سـەربـەخۆنـەبوونـی کۆمارەکە لـە ئێران هـەر بـەو نیازەیـە، نـەک بۆ مـەبـەستێکی تری پێچـەوانـە کە گوایا لابردنـی دروشمـی سـەربـەخۆیی و جێگیرکردنـی خودمختاری، نابـەجێ و نارەوا بووە! چونکە لـەو سـەردەمـەدا، و لـە ناو ئـەو بازنـەی کێشـە و ئاڵۆزیانـەی دەوری قـەوارەکـەی کوردیان دابوو.. هـەر دەتوانرا ئـەوە بکرایـە و هـەر بۆ ئـەو ئامانجـە خـەبات بکرابایـە. بۆ بـەردەوامـی تێکۆشان بۆ چـەسپاندنـی ئـەو

خودمختارییە، لە ناو کێشەکانی بەردەمی جەمهوورییەتەکە و تێگەیشتن لـە ئالۆزییەکانی نێودەوڵەتان کە ڕاستەوخۆ کاریان لەسەر ڕەوت و پاشەڕۆژی دەکرد.

پێشەوا هەوڵی لابەلاکردنی ئەو کۆسپانەی دەدا کە دەهاتنە بەردەم سیاسیەت و دیپلۆماسییەتی هاوپێوەند بەو ڕێبازەوە... تێگەیشتنی، ئەو کۆسپانە و ڕێگەی خۆلادان لێیان لەم نامەیەی سەرۆک کۆماردا باش یەکلا دەبنەوە کە دەیەوێ کاربەدەستانی کوردی لێ حاڵی بکات: ١٣٢٥/٤/١٣

ئاغای فەرماندەی هێزی بۆکان و مەنتقەی سەرا

و جواب نامە ژمارە ٤٧١ـ ١٣٢٥/٣/١٠

هەر کارێکی جووزئی ئەلان دەبێ لەگەڵ ئەوزاع بین المللی تەتبیق بکرێ چ جای کاری مە کە کۆلیە لە بۆ ئەوەی ئەمە مەجبوورین لە ڕێ سوڵحەوە تا مووکین بێ، ناتوانین بە ڕێ دیدا بڕوین ئەو تەخێرەی ئێوەیە دەنا ئەمن لە تۆ بە پەلەترم..."(٣٣)

بەو جۆرە پێشەوا قازی محەمەد لە گرێ و گۆڵی ناو و چواردەوری جەمهوورییەتی کوردستان گەیشتبوو... دەیزانی کە کارە بچووک و گەورەکان ئەوجی بارودۆخی نێودەوڵەتی کراون، کێشەی کورد گشتیی بووە، دابڕاو و بێ پێوەندی نەبووە، بەستراوەی بەرژەوەندەکانی زلهێزی خاوەن بڕیار بووە... بۆیە بە ڕێگەی گفتوگۆ بۆ خودمختاری لە ناو سنووری جوگرافی و سیاسی ئێراندا خەباتی خۆی درێژە پێداوە... کە شەڕ و پێکدادان ڕووی داوە، نەترس و ئازایانە هەڵوێستی خۆی و لەسەر حەق بوونی هێزی جەمهوورییەتی کوردستانی ئاشکرا کردووە، بە ئامادەبوونەوە بۆ

ڕاگرتنی ئارامی و ئاسایش و پێکهاتن لە بەرەکانی شەڕیشدا... کە وابوو تا ئێرە خودمختاری و مانەوە لە ناو سنووری سیاسی و جوگرافی ئێراندا وەکوو خۆیان ماونەتەوە، بێ هیچ گۆڕانێک... با لێرەشەوە بچینە ناو ڕووداوەکانی هاوپێوەند بە گفتوگۆ و سەفەری پێشەوا بۆ تاران.

لە کۆتایی مانگی ١٣٢٥/٤دا کاتێ ئەندامی هەئیەتی نووسەرانی " ڕەهبەر " دیدەنی سەرۆک کۆمار دەکات و لێی دەپرسێ:

" چە ڕابەتێکی مەعنەوی لە نیوان نەهزەتی کوردستان و ئازەربایجان دا هەیە؟

لە وەڵامدا دەڵێ: هەر دووک لامان بۆ ئامانجێک کە ئازادی و سەربەخۆیی حەقیقی و بەراستی ئێرانە کار دەکەین"(٣٤)

ئەم قسە وڕا و هەڵوێستە زۆر ئاشکرا و سنووردارە... ناکرێ لەگەڵ جەمهوورییەتێکی سەربەخۆدا یەکدی بگرن، بە تایبەتی پێش ئەم دیدەنییە لە نوتقێکدا هەمان ڕا و هەڵوێستی بەمجۆرە دەرخست:

" وە هەر دووکمان خەریکی بەرقەراری ئازادی لە سەرتاسەری ئێرانین... و ئۆمێدەوارم کە بە یارمەتی خودا و فیداکاری عەشایر و کوڕانی کورد بە زوویەکی زوو ئالای سێ ڕەنگی کوردستان لە سەرتاسەری کوردستان و هەتا تەواوی ئێران بلەرێتەوە"(٣٥)

لێرەدایە دەسەڵمی کە مەبەستی پێشەوا لە تەواوی کوردستان هەر کوردستانی ژێر دەستی ئێران بووە. بە تایبەتی ئەوەش ڕوونە کە کوردستانێکی سەربەخۆی تەواو و بە مانای وشە، لە " سەرتاسەری کوردستان" وەک دەوڵەتی ئازاد و یەکگرتوو، لە هیچ ڕوویەکەوە لەگەڵ " تەواوی ئێران "دا یەکناگرنەوە. بەڵکوو تەنها لە ناو

مەبەستی خودمختاری و خۆبەستنەوە بە ئێرانێکی دێموکرات و ئازاددا یەک دەگرنەوە، و هەر لێکدانەوە و بۆچوونێکی تر بۆ ئەوە بکرێ وا هەڵە دەبێ و دوور دەبێ لە ئەسڵی مەبەستەکانی سەرکردایەتی کورد و جەمهوورییەتی کوردستانەوە.

سەرۆک کۆمار لە دیدەنییەکەی پەیامنێری " ئاژانسی فرانس پریس "دا لە ١٩٤٦/٦/١دا وەڵامی پرسیارێکی ناوبراودا بەمجۆرە مەبەستەکانی زیاتر شی دەکاتەوە:

" کورد ڕازی ئەبێ ئەگەر حکوومەتی ناوەندی بڕیاربدا قانوونی دێموکراتی لە هەموو ئێراندا جێ بە جێ بکرێ و دان بنی بەو قانوونەدا کە ئێستا لە کوردستاندا سەبارەت بە خوێندنی کوردی و ئوتونومی بەڕێوەبەرایەتی ناوچەیی و لەشکر کاریان پێ ئەکری...". "کێشەی کوردستان بە تەواوی مەسەلەیەکی ناوخۆییە ئەبێ لە نێوان کورد خۆی و حکوومەتی ناوەندیدا لابەلا بکرێ ئەگەر ئێمە ئەمڕۆ پێدائەگرین لەسەر داوای ئوتۆنومیەکی جۆزئی بۆ وڵاتەکەمان گووناهی حکوومەتی ناوەندییە کە هیچی نەکردووە بۆ باشترکردنی وەزعی ئێمە بەڕاستی حەز ئەکەین ڕێگای پێشکەوتن بگرین. ئێمە حەز ناکەین لاسایی ئەمریکا یا ڕووسیا بکەینەوە، بەڵام ئەوەش ڕەت ئەکەینەوە کە وەکوو ئاژەلی وڵاتانانی شارستانی بژین..."(٣٦)

وابزانم ئەو قسە و بۆچوون و هەڵوێستانە زۆر ڕوونن و پێویستیان بە هیچ لێدوانێکی تر نییە ئەوە نەبێ کە بڵێم ناکرێ ئەوەی چاوی بەم جۆرە ڕستانە کەوتبێ و بکەوێ، لەوە نەگات کە جەمهوورییەتی کوردستان بۆ خودمختاری خەباتی کردووە کە

تەنانەت سەرۆک کۆمار لەوێدا بە خودمختارییەکی جوزئیش ناوی دەبات. لام وایە ئەم ئاماژەکردنەشی هەر لە خۆوە نەبووە، بەڵکوو لەو تێگەیشتن و دەرککردنەوە بووە کە کورد و کۆمارەکەی لە ناو پلەی وەرچەخاندا دەژی و مامەڵەی واقیعەکەی دەکات، پلەیەک کە کورد بەو خودمختارییەشەوە لە بەردەم گێژەڵووکەی چاوەڕوانکراودا خۆی ئامادەی پاشەکشەی زیاتر دەکات، لام وایە و دەکرێ سەردەمی تەمەنی کۆمار، تا ئێرە بە ڕۆژگاری زێڕین و پلەی پڕ لە هیوا دابنرێ، چونکە ئیتر لێرەوە گۆڕان هاتە ئاراوە و سەردەمی هیوا ڕووە و بەسەرچوون دەچوو.

پلەی وەرچەرخان

پلەی وەرچەرخان: مەبەستم لێی ئەو گۆڕانە ڕووداو و وەرچەرخێنەرانە بوو کە ئیتر جەمهوورییەتی کوردستان لەوە دڵنیا بوو کە نە ئەو خودمختارییەی لە ناو چوارچێوەی ئێران و نە ئەو سەربەخۆییەی لە ئازەربایجان گەرەکی بوو یا هەیبوو، هەلومەرجی مانەوەیان لە ئارادا نەماوە وردەوردە سەردەمەکەی بە سەردەچوو، مانەوە و پارێزگاری کردنیان دەبوو مەحاڵ. ئەمەش لەو کاتەوە دەستی پێکرد کە کۆماری ئازەربایجان بە پێچەوانەی پەیمانی یەکێتی و برایەتی کوردستان و ئازەربایجان جووڵایەوە... لە پەیمانەکەدا نووسرابوو:

" هەر کاتێک پێویست بێ لە گەڵ حکوومەتی تاران قسە بکرێ دەبێ موافەقەتی نەزەری حکوومەتی میللی ئازەربایجان و کوردستان بێت..."(٣٧)



لە چەپەوە: پێشەوەری ـ پێشەوا قازی محەمەد ـ ؟ ـ محەمەد حوسێن خانی سیف قازی ـ ؟ ـ ؟ ـ

ئەوەبوو کاتێ وەفدێکی تاران بە سەرۆکایەتی" مەزەفری فیروز " گەیشتە تەورێز بۆ وتووێژ... ئەو وتووێژ نەک هەر "موافقی نەزەری حکوومەتی میللی کوردستان" نەبوو، بەڵکە تەواو پێچەوانەشی بوو، زیاتر لەوەش لەناو(١٥) خاڵی پەیمانە ئیمزاکراوەکەی نێوانی تەورێز و تاراندا تەنها لە خاڵی (١٣) میندا بەمجۆرە ناوی کورد و مافەکانی هاتبوو:

" حکوومەت موافەقەت ئەکا کوردەکانی ئازەربایجان لە (مەزایای) ئەم ڕێکەوتنە کەڵک وەربگرن، تا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بە زمانی خۆیان بخوێنن. کەمایەتییەکانی دانیشتووی ئازەربایجان، وەکوو ئاسووری و ئەرمەنی مافیان ئەبێ تا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بە زمانی خۆیان بخوێنن..."(٣٨)


ستان
ی دیموکراتی کوردستان
آبونمان
یەکساڵە ١٥٠ ریال
شەش مانگە ٨٠ "
دانەی ١ "
٢ شعبان ١٣٦٥ — ٢ ژوئیه ١٩٤٦

متنی موافقتنامەی
نمایندانی دولت و آذربایجان

ماوەی لاپەڕە ١

متنی موافقتنامەی نمایندانی
دولت و آذربایجان

تەوریز ٢٣ / ٣ / ١٣٢٥
پیشەوری - مظفر فیروز

بەمجۆرە خواست و تەماعەکانی ئازەربایجان ـ هەرچەند بە کاتی بووهاتەدی و کوردستان خزێترایە ناو ئازەربایجانەوە، لە خاوەن جەمهوورییەتێکی " خودمختار" و " سەربەخۆ"وە خرایە ڕیزی کەمایەتییە بێ نیشتمانەکانی وەک ئەرمەنی و ئاسووری، مەبەستم نیشتمانی نەتەوایەتییە لەو ناوچانەدا ـ لە بیر و هەوڵی

یەکخستنەوەی سەرجەمی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شادبوونی بەو ئازادییە، کەوتە ناو تەقەلای پاراستینی ئەوەی دەلوێ و دەتوانرێ بهێڵرێتەوە.

لەوانەش خراپتر ئەوەبوو کە کورد هیچ ڕێگە چارەیەکی تری لەبەردەمدا نەبوو کە دژ بەو ڕێک کەوتنە بوەستێ، تەنها ئەلترناتیڤ، ڕازی بوون و هەوڵی خۆ گونجاندن بوو لە گەڵ ئەم گۆڕانە پڕ لە مەترسییە، بۆیە سەرەتای دژەکردار لە جەمهوورییەتی کوردستان دا بە نووسینی ڕۆژنامەی کوردستان دەرکەوت. لە یەکەم ژمارەی دوا ڕێک کەوتنەکەی تاران و تەورێز کە ئەو ڕووداوەی تیا خرایە ڕوو، لەژێر سەر دێری " حەڵی ئیختیلاف لە نێوان نوێنەرانی تاران و ئازەربایجان " دەنووسێ:

" شەوی ١٣٢٥/٣/٢٤ ڕادیۆ خەبەری دا کە ئیختیلافات لە نێوان حکوومەتی تاران و ئازەربایجان دا لە ١٥ مادەدا حەل کرا و پەیمان لە لایەن ئاغای مەزەفەری فیروز مووعاونی سەرۆک وەزیری تاران وئاغای پێشەوەری سەرۆک وەزیر ئازەربایجان، شەوی نێوبراو بە ئێمزا گەیشت و بەم بۆنەوە ئاغای مەزەفەر فیروز لە ڕادیۆ تەورێز نوتقی کرد..."(٣٩)

بۆ ژمارەی ئاییندەی ڕۆژنامەی کوردستان لە یەکەم لاپەڕەدا لە ژێر باسی " دەنگ و باسی حەفتە "دا دوای ئەوەی باسی ڕێک کەوتنەکە دەکات بەشی یەکەمی دەنگ و باسەکە وا کۆتایی پێدەهێنێ:

" ... بە گوێرەی ئەم ئیتیفاقەیە حکوومەتــی خودمختاری ئازەربایجان لەشکری میللی خۆی دەبێ بەڵام بە ناوی ئەمنیە بۆ موحافزی داخلی دەناسریت..."(٤٠)

ئینجا بەشی دووەمی دەنگ و باسە کە لە ژێر باسی " مەسەڵەی کورد"دا وا دەست پێدەکات:

" بێنە سەروکاری مەسەڵەی کورد خوێندەوارە خۆشەویستەکان هەر وەکوو دەزانن مەسەڵەی کوردی بەرانبەر سیاسەتی دنیایی شتێکی بە ترسە، پێشەوای مەعزەمان لەبەر ئەم نوقتەیە بە سیاسەتی حەکیمانەی خۆی مەسەلەی کوردستانی ئێران بە مەسەلەی ئازەربایجان بەستووەوە لەوەشدا ماعدای قازانج هیچ زەریکمان نەکردوە چوونکە میللەتی ئازەربایجان هەر وەکوو میللەتی کورد لەژێر چەنگاڵی ئیستعمار و چەپۆکی دیکتاتوری ڕەزاخان دەناڵی لە هەرچی ناحیەێک نوقسانیان بووبێ میللەتی ئازەربایجانیش نوقسانیان هەبوو لەبەر ئەوە ڕەهبەری دانامان پێشەوای خۆشەویست هیچ مانعێکی نەدیوە بەڵکوو بە زەرەری زانێوە ئەمڕۆ مەسەڵەی کورد دەبێ(٤١) بە مەسەڵەی ئازەربایجان بکریت. دەلیلیشم هەر وەکوو دەبینین لە ڕۆژی ئەوەڵی ئازەربایجان هەرچی شتێک بۆ میللەتی ئازەربایجان کرابێ بۆ میللەتی کوردیش کراوە لە هەر قسمەتێک دەست پڕکردنەوەی نوقسانیان کراوە.. هتد، نووسینەکە لەسەر باسەکە دەڕوات تا دەگاتە " تەدبیقی قانوون ئەساسی ئێران و ئوسوڵی دیموکراسی مەزەنەی خوێندن بە زمانی کوردی لە سنە و کرماشان، و مەسەڵەی ئەنجوومەنانی وڵایەتی کوردستان... هتد" کە " وا

دەردەکەوێ شارەکانی کوردستان چوونکە هەمووی بە زبانێک گفتوگو دەکات تابعی یەک مەرکەز دەبن... هتد"(٤٢).

بەوجۆرە لەو پلەی وەرچەرخاندنەدا کە، بەرهەمی پیلانی فێڵبازانەی تاران و دۆستانی و دەستبەرداربوونی یەکێتی سۆڤیەت و بەڵێن و پەیمانی شکاندنی ئازەربایجان بوو، بۆ دەستکەوتنی تەماع و خواستەکانی بوو، کورد کەوتە ناو داوی دوژمن و دۆست و ناحەزانییەوە، بۆیە بە ناچاری پاشەکشە و سازشی سەپێنراوی دەکرد، دەبوو بیکات.

مەبەستی سەرەکیش پارێزگاریکردنی ئەوەی دەلوێ و دەگونجێ بۆ کورد هەوڵی بۆ بدرێ. ئیتر لێرەشەوە ناوی جەمهوورییەتی کوردستان، سەرۆک جەمهوورییەت، سەربەخۆیی و خودمختاری تا دەهات کەمتر بەکار دەهێنران... چونکە لەگەڵ گۆڕانەکان یەکیان نەدەگرتەوە.

ئەگەر سەرەنجێک بدەین لەو ڕۆژنامانەی کوردستان کە لەبەر دەست دان، ئەو ڕاستییە بە ڕوونی دەردەکەوێ. لەوەش زیاتر، لەوە بەدواوە لێپرسراوانی کۆماریش کەم و بە دەگمەن ئەو ناوانەیان بەکار دەهێنا، هەوڵ دەدرا لە ناو بارودۆخی تازەدا خۆ بگونجێنن، بە زاراوەی نوێ خۆیان ڕابێنن، زیاتر باسی ئەو بابەت و لایەنانە بکرێ کە پێوەندییان بە ئێران و یەکێتی ئێرانەوە هەیە.

سەیفی قازی کە لە هەموو لێپرسراوانی کۆمار زیاتر ناوی جەمهوورییەتی لە قسەکانیدا دەهێنا و باس دەکرد، لە ڕۆژی جێژنی چل و یەکەمین ساڵی مەشرووتەی ئێراندا نوقتێکی دا، بەمجۆرە دەستی بە قسان کرد:

" برایانی خۆشەویست بــە سڵامەتی پێشەوای بەرز و برایانی خۆشەویست جێژنی چل و یەکەمین ساڵی مەشرووتیەتی ئێران دەکەمەوە... " دوای ئـەوە لە سەری دڕوات تا دەڵێ:" ئێستا لە سایەی مەشرووتەییتمان بە تەواوی مەعنا لە ئێران دا دامەرزاندوە... هتد". ئینجا بە دووردرێژی لە سەر قسەکانی دەڕوات تا دەڵێ:" قانوونی ئەساسی ئێران موهەمترین قانوونی ئێمەیە کە بە هیچ وجهێک گۆڕان قەبووڵ ناکا و حەتا مەجلسی شوورای میللی و دەوڵەوت و پاشاش ناتوانن هیچ یەک لە مەواد و ئوسوولی ئەو بگۆڕن... هتد"(٤٣)

زیاتریش لەوانە: پێدەچێ لەگەڵ مۆرکردنی پەیمانەکەی نێوان تاران و تەورێزدا، ئیتر ئازەرەکان کەوتبنە هەوڵی ئازەریکردنی ناوچە تێکەڵەکان کە جێگەی ناکۆکی و ململانێی هەر دوو کۆمار بوون، پێشەوا لە وتارێک دا بە درێژی باسی سەردانی بۆ ئەو شوێنانە دەکات تا خەڵکەکەی ئارام بکاتەوە، کە دەبێ لــە لایەن ئازەربایجانەوە فەرمانیان پێدرابێت کە ئیتر ئاڵای کوردستان بەرزنەکەنەوە. چونکە پێشەوا لە باسی سەفەرەکە و قسەی بۆ خەڵکەکە و وەڵامی دانیشتووان دەڵێ، خەڵکەکە گوتیان " ئێمە ئاڵای موقەدەسی سێ ڕەنگی کوردستانمان هەڵ کردوە کە لە سێبەری دا خۆمان و هەموو کوردێکی دیکە بحەسینەوە هەتا قەترەیەک خوێن لە بەدنی ئێمە دابێ ئاڵای موقەدەسی ئێمە نابێ نەوی بێت..." ئینجا پێشەوا لەسەر قسەکانی دەڕوات و باسی بینینی پێشەوری و گلەییەکانی و وەڵامی خۆی دەکات کە چۆن " حەدوداتی خارجی کوردستان و ئازەربایجان لە تەرەف کوردانەوە..."(٤٤) دەبارێزێ.

تا لەم ڕۆژگارەدا، وەک دەردەکەوێ، نەک هەر کۆماری سەربەخۆ، باسی کۆماری سەربەخۆ لە ئارادا نەما بەڵکوو تەنانەت درۆشمی خودمختارییش بەرەبەرە دەخرایە لاوە. قسەکانی ڕۆژنامەی کوردستان بە ڕوونی و ڕەوانی ئەوانەی یەک لاکردۆتەوە و بەڵگەی سەلمێنەری بێ مشتومڕن.

بۆ زیاتر ڕووناکی خستنە سەر هەڵوێستی کورد لەو بارودۆخە بە دواوە، باش وایە ئاماژە بۆ ئەو تەلگرافەی پێشەوا بکەین دەربارەی پێکهێنانی ئیتیلاف کە بەم جۆرەیە:

تاران ـ جەنابی ئەشرەف قەوام ڕهبەری حیزبی دێموکراتی ئێران

ڕوونوس ـ جەنابی ئاغای دکتۆر کشاورز ڕەهبەری حیزبی تودەی ئێران.

ڕوونوس ـ تەورێز جەنابی پێشەوەری ڕەهبەری فرقەی دێموکرات ئازەربایجان

ڕوونوس ـ تاران ئاغای پادگان مەعاونی سەدری فرقەی دێموکراتی ئازەربایجان.

بە ئەحترامەوە حیزبی دێموکرات کوردستان ئامادەیی خۆی بۆ ئیتیلاف دەگەڵ ئەحزابی ئازادیخواز ( دمۆکرات ئێران، تودەی ئێران، دێموکراتی ئازەربایجان، حیزبی ئێران ) ڕادەگەینێ و ئەم ئیتیلافە مەوجبێ سەعادەت و عەزەمەتی میللت ئێران دەزانم و بەم وەسیلە جەنابی ئاغای سەدری قازی لە لایەن حیزبی دێمۆکراتی کوردستانەوە بۆ گفتوگۆی پێویست و ئیمزای ئیتیلاف نامە بە نەمایندەیی مەعرەفی دەکەم.

ڕەهبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان ـ محەمەد قازی (٤٥)

بەوجۆرە لە دوا مانگەکانی کۆتایی ساڵەکە و بەرەوخواربوونەوەی شانسی مان و ژیانی جەمهوورییەتی کوردستان، سەرجەمی هەوڵی پێشەوا قازی محەمەد و سەرانی هوشیاری حیزب و جەمهوورییەت، بۆ ئەوە چڕ دەکرا کە ئەوەی ماوە و دەتوانرێ بهێڵرێ بپارێزرێ، ئەو حکوومەتە خودمختارییە کە لەوەوبەر هەوڵ دەدرا وەک حکوومەتێکی " دی فاکتور " بهێڵرێ تا دەکرێتە " دیژور "، سەردەمەکەی تێپەڕ کرد. بۆیە ئەگەر هەوڵ بدرێ لە سنووری جۆرێ لە بەڕێوەبەرایەتی و زمانی کوردی بەکار هێنانیش دا بهێڵرێتەوە وا هەر لە بەرژەوەندیی کورددا بووە، و لە پێناویدا پاشەکشەی ناچاریی دەکات بۆ دەستکەوتە لواوەکە و بۆ خۆلادان لە کارەسات.

بۆ سەلماندی ئەوە، چاک وایە ڕووناکی بخەینە سەر سەفەرێکی تری پێشەوا بۆ تاران کە لە نیوەی دووەمی ئەکتوبەردا بوو:

" لە ١٦ی ئوکتوبەر حکوومەتی ئێران چەند کەسێکی لە پیاوە ناسراوەکانی موکریان بۆ گفتوگۆ لەسەر هەڵومەرجی ئەوسای کوردستان بانگ کرد... قازی بە هیوابوو حکوومەتی ئێران هەندی کاری باش لە کوردستان بکا وەکوو: کردنەوەی قوتابخانە بە زمانی کوردی، نەخۆشخانە و ڕێگاوبان..."(٤٦)

وەک دەشزانین لەوە بەدواوە بارودۆخەکان ئاڵۆزتر، بێ ئومێدتر، دەبوون... تاران بەو مافە سادە و ئاساییانەش ڕازی نەدەبوو، ئیتر مەڵبەندەکەی جەمهوورییەت لاواز دەبوو، ژمارەیەک لە سەرۆک عەشیرەتەکان ئاغا و خان و خەڵکانی لاواز، دوور دەکەوتنەوە و

دادەنیشتن، هەبوو دڵسۆزیی خۆی و ئامادەی هاوکاریشی بۆ ئەرتەش نیشان دەدا...

بەڵام پێشەوا و زۆر لە سەرکردەکانی حیزب و جەمهوورییەتی کوردستان، بە هیواوە و بە ئومێدی مانەوە، بەرگری لە سەرهەڵدانی سۆڤیەت، هاوپەیمانی لەگەڵ ئازەربایجان دەژیان و چاوەڕووانی ئاییندەیەکی نادیاریان دەکرد.

لە باسی سەربەخۆ یا خودمختاربوونی جەمهوورییەتی کوردستان دەبێ ئەوەش بڵێم کە دامەزرێنەر و میراتگرەکەی، مەبەستم حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە، زۆر بە ئاشکرا و بێ پێچوپەنا خودمختاربوونەکە دەسەلمێنی، لاشم وایە ئەو حیزبە نە دۆێنێ و نە ئەمڕۆ نەیویستووە و هەوڵی نەداوە ڕاستییەکانی هاوپێوەند بەم باسە بشێوێنێ و بە جۆرێکی تر لە سەری بنووسێ، دیارە ئەمەش بۆ خۆی دەلیل و بەڵگەیەکی گرینگە بۆ ئەو باسە و بۆ گەیشتنە مەڵبەندی ڕاستیی.

لە قسەکردن لە سەر ئەو باسە و نەبوونی بڕیارێکی ڕەسمی و یاسایی بۆی، و لە ناو بیری تۆ بڵێی لە سەرەتای دامەزراندنەکەدا بڕیارێک لە سەر سەربەخۆبوون ـ بە مانای جیابوونەوە لە ئێران ـ درابێ و تا ئێستا نەکەوتبێتە بەر دەست یا فەوتابێت وە یاخود بڕیارێکی زارەکی هەبووبێ و تۆمار نەکرابێت، ئەوەم وەک پرسیارێ ئاراستەی مامۆستا " شێخ عززەدین حوسەینی" کرد کە بەمجۆرە ڕاکانی دەرخست:

" لە ڕاستی دا بیری سەربەخۆبوون کۆنە، بەتایبەتی لە سەردەمی شێخ عوبەیدوڵڵاوە بەرەبەرە جێگەی خۆی دەگرت. کاتێ ئەرتەش

سوور هاتە ناوچەکە و دامودەزگای ڕەزاشا ڕووخا فەزایەکی ئازاد خوڵقا و خەڵکی بە ئاشکرا باسی سربەخۆبوون و ئازادییان دەکرد کە کۆمەڵەی( ژـ ک)یش دامەزرا زیاتر جێگیر و بەربڵاوتر بوو، چونکە ئامانجی (ژـک) سەربەخۆیی هەموو کورد و دامەزراندنی دەوڵەتی یەک گرتووی کوردستان بوو، ئەوە تەئسیرێکی گەورەی لە سەر بیری دامەزرێنەرانی جەمهوورییەتی کوردستان کرد، لە ناو دڵ و دەروونی خەڵکدا جێگەی خۆی کردەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا سەربەخۆبوون بە مانای جیابوونەوە لە ئێران نەبووە، چونکە دامەزرێنەرەکەی کە ( ح. د. ک ) بوو، هەر لەسەرەتاوە لە بەیانی دامەزراندن و لە پرۆگرامەکەشی دا ئامانجی خودمختاری تەسپیت کرد. لە هیچ کاتێکیش دا ئەو ئامانجەی نەگۆڕیوە، ئەو ئەسڵانەی لە سەرەتاوە گوترا گۆڕانیان تێدا نەکرا، بەڵام حیزبی دێموکرات و جەمهوورییەتەکەش بە دوایدا، لە ناو دوو ئەندیشەی کۆن و نوێ، سەبارەت بەو ئامانجە دەژیا و لەگەڵیشیدا بەردەوام بوون، ئەوەش هەر سەبارەت بە گۆڕینی ئامانجی سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی یەکگرتووی کوردستان بوو کە (ژـک) کردبوویە ئامانجی خۆی و خەباتی بۆ دەکرد و کە کرا بە خودمختاری لە ناو سنووری ئێراندا ".

دوا وشەی باسەکەم بۆ ڕووناکی خستنە سەر هەڵوێست و دید و بۆچوونی جیاجیای یەکێتی سۆڤیەت و دەوڵەتانی خۆرئاوا تەرخان دەکەم، لاوم وایە سۆڤیەت بۆ ئەوە کاری دەکرد کە لە ئێراندا بمێنێتەوە، کە گوشار و فشاری تاران و هەردوو زلهێزە هاوپەیمانەکەی، هێنایانە سەر بریاری چۆلکردن...

تەقەلای لە سەر بەرژەوەندیی نەوت بۆ مۆرکردنی چرکرد، ئەم ڕاستییە لە دامەزراندن و ڕووخاندنی جەمهوورییەتی کوردستان باش ڕەنگ دەدەنەوە. خۆ ئەگەر یەکێتی سۆڤیەت جۆرە بەرژەوەندییەکی لە کوردستان و لە سەر مەسەلەی کورددا هەبووبێ، کە بە لای منەوە ئەگەر هەشی بووبێ وا هەر لە خەیاڵدا بووە - وا وەک دیپلۆماتە ئەمریکاییەکان بۆی دەچوون لە کوردستانی تورکیا و عێراقدا بووە. هەر وەک نموونە ئەم دوو دیپلۆماتە لە سەردەمەکەدا باسی جموجۆڵی سۆڤیەتەکان دەکەن، لەو دوو تلگرافەی بۆ وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەیان ناردیان:

١- لە تەلەگەرامی کونسولی ئەمریکایی ( ڕۆسۆ) لە تەورێز بۆ وەریزی دەرەوەی وڵاتەکەی نارد، دوای ئەوەی باسی جموجۆڵی هێزەکانی سۆڤیەت دەکات، دەگاتە سەر:" سەرەڕای ئەوەش لە مەهابادەوە ڕاپۆرت هاتووە کە کوردەکان خۆیان ئامادە دەکەن بۆ ئیعلانکردنی مافی خۆیان لە کوردستانی تورکیادا وە پلان دادەڕێژن بۆ دەستپێکردنی کاری سەربازی بەم زووانە..."(٤٧)

بەلای ئەوەوە، تەقەلا و خۆئامادەکردن هەر بە دەستی ڕووسەکان بووە.

٢- دیسان بەڕێوەبەری کاروباری سەفارەتی ئەمریکا لە یەکێتی سۆڤیەت، ( کەنن ) لە تەلەگرامی ١٧ ئازاری ١٩٤٦یدا بۆ وەزیری دەرەوە دەڵێ:

" ... دەربارەی عێراق، هەلوێست زۆر ڕوون نییە، لێرە چەند بەڵگەیەک هەن کە نیشانی بوونی جووڵانەوەیەکی کورد دەدەن کە لە لایەن سۆڤیەتەوە ئاراستە کراوە و چەکی پێدراوە، ئەمەش

بۆ گرتنی ویلایەتی موسڵە لەگەڵ هێزە ئامادەکراوەکانی سۆڤیەتدا بۆ پشتگیریکردنی یاخی بوون لە هەلۆمەرجی لواو دا... هتد "(٤٨)

زۆری تر لەو دیپلۆماتانە لە نامە و تەلگرامەکانیدا ئەوەش ئاشکرا دەکەن کە چۆن ڕووسەکان لە سەرەتادا گوێیان لە هیچ جۆرە داوایەک نەدەگرت کە پێوەندی بە ناردنی ئەرتەشی تارانەوە هەبووە بۆ هەندێ لەو ناوچانەی کوردستان.

بێگومان بۆ ئەم باسە، دەیان بەڵگە و نموونەی تر بەدەستەوەن و بە پێویستم نەزانی نووسینەکە لەوە درێژتر بێت. زیاتر لەوە سەرجەمی پرۆسەی وتووێژ لە گەڵ تاران تەنها لە ناو داوای مافی کورد لە ناو سنوور و چوارچێوەی ئێران دا بووە. و لە هیچ بەڵگەنامەیەکدا پێچەوانەی ئەو ڕاستییە باس نەکراوە و نەبینراوە کە ئەمەش خۆی باس و لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی گەرەکە.

مەبەستم لەوە دەرخستنی ئەو ڕاستییەیە کە سۆڤیەت بۆ کورد، و ئەمریکا و بریتانیا و ئێران بۆ یەکێتی ئەرز و میللەتی ئێران، خاوەن بڕیاری چارەنووس ساز بوون کە هیچ کامیان ئامادە نەبوون ئەو خودمختارییەش قەبوڵ بکەن، نەک سەربەخۆیی، بگرە دژیشی بوون و هەر ئەوانیش هۆی سەرەکی و ڕاستەو خۆی ڕووخاندنی کۆمار بوون.

کەوابوو باسکردنی سەربەخۆیی کۆمارەکە بەدەر لەوانە، بێ مانا و دوور لە ڕاستی دەبێت. و هەر وەک لە ناو کرونۆلۆجی ڕووداو و باسەکانی لەمەڕ خودمختاری لە ناو سنووری ئێران و سەربەخۆیی

لە ئازەربایجان خەباتی دەکرد، بێ ئەوەی بتوانێت هیچ کامیان بەدەست بهێنێ. جگە لە ژیانی ئەو ماوەیە نەبێت کە زیاتر بۆشایی ئیداری و بارودۆخە نێودەوڵەتییەکە و داگیرکردنی ئەو بەشانەی ئێران سەپاندبوویان.

تێبینییەکان:

١ـ لەبەر ئەوەی باسەکەم بۆ ڕاستکردنەوەی دوو بۆچوونی هەڵە دەربارەی " ناو " و مەسەلەی خودمختاری و سەربەخۆیی جەمهوورییەتی کوردستان تەرخان کردووە، بۆیە لێرەدا لە ناوبردندا زیاتر ئەو ناوە مێژووییە بەکارهێنراوە.

٢ـ ١٩٤٦/١/٢٢ تا ١٩٤٦/١٢/١٧

٣ـ لام وایە زۆر لە نووسەران کە ئەو ناوانەیان لە بەرهەمەکانیان ناوە، هەر بۆ ناوی بەرهەم و نووسین بووە، نەک وەکوو ناوی مێژوویی، بۆ نموونە بەندە هەر کتێب و باس و لێکۆڵینەوەیەکم لەسەر ئەو ئەزموونە بە ناوێکی تایبەتییەوە بووە، لە وانە: کۆماری میللی مەهاباد، دەوڵەتی جمهوری کوردستان، جمهوری مەهاباد، کۆماری دێموکراتی کوردستان و کۆماری مەهاباد و ...

لێرەدا زیاتر قسەم ئاراستەی دوو ناوە " کۆماری دێموکراتی کوردستان" و " کۆماری کوردستان ". چونکە نووسەری وا هەیە دەیەوێ وەک ناوی مێژوویی قەوارەکە بیسەپێنێ و داواش دەکات کە هەر ئەوە بەکار بهێنرێ، گوایە باسکردنی هەر ناوێکی تر هەڵەی مێژووییە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ئەم باسەم:" دەوڵەتی جمهوری کوردستان و هەڵەی سەرنجەکانی ڕەخنەگرێک". ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، هەولێر، ژمارە ٥٣٩ و ٥٤٠ و ٥٤١. ١٩٩٣/١١/١٨

٤ـ بڕوانە: ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٨، ١٩٤٦/١/٢٨

تێبینی: لێرەوە لە هەر جێگەیەکدا ناوی ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردستان بیری بە ( ڕ . ک )، ( گ . ک ) ناویان دەهێنم کە لە

سەدەمی جەمهووریەتی کوردستاندا بڵاوکرانەوە. گۆڤاری " هەڵاڵە "ش هەر لەو سەردەمەدا بووە.

٥ـ بڕوانە: مەحموود مەلا عیززەت، کۆماری میللی مەهاباد. ١٩٨٤، ١٩٨٦، ل ٧٩، فەسڵی سێیەم خاڵی ٨

٦ـ بڕوانە: ڕ . ک ژمارە ٥٠ ، ٦ی جۆزەردانی ١٣٢٥

٧ـ گۆڤاری هەڵاڵە، ژمارە ٣ بانەمەڕی ١٣٢٥

٨ـ بڕوانە: مەحموود مەلا عیززەت، دەوڵەتی جمهوری کوردستان، بەرگی سێیەم بەڵگەنامەی ژمارە٤٥٣ .

٩ـ بڕوانە: مەحموود مەلا عیززەت، هەمان سەرچاوە، بەڵگەنامەی ژمارە ٥٥٢

١٠ـ ڕ . ک ژمارە ٥٦، ١١ی ژوئێنی ١٩٤٦

ـ میخائیل ئیوانۆڤیچ کالێنین، ئەندامی مەکتەبی سیاسی سەر بە کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کومۆنیست و سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای شورای یەکێتی سۆڤیەتی سەردەمی کۆمار بووە.

ـ بۆ زیاتر سەرنجدان لە جۆر و سەرچاوەی بەکارهێنانی ناوی "حکوومەتی کوردستان" بۆ نموونە بڕاونە: ڕ . ک ژمارە ١٩، ٢٠، ٢٣، ٢٧، ٢٨، ٥٣، ٥٦، ٥٨...

١١ـ ڕ . ک ژمارە ٥٣، ٥٤ی ٤ و ٦ی ژوئینی ١٩٤٦

١٢ـ بۆ نموونە بڕوانە:

ـ ڕ. ک ژمارە ١٧، ١٩، ٢١، ٤٣، ٥٢، ٥٣

ـ گ . ک ژمارە ٣ خاکەلێوەی ١٩٤٦

ـ گۆڤاری هەڵاڵە ژمارە ١ ڕەشەمەی ١٣٢٤

١٣ـ ڕ. ک ژمارە ١ و ٢ی ١٩٤٦/١/١٣

١٤ـ بڕوانە:

ـ مەحموود مەلا عیززەت، د.ج.ک. بەرگی ٢، ١٩٩٥ ڕووی دەرەوەی بەرگی دواوە.

ـ نجفقلی پسیان، از مهاباد خونین تا کرانەهای ارس آذر ماه ١٣٢٨ تهران

ـ لە زۆربەی زۆری بەڵگەنامەکانی دوو توێی بەرگەکانی د.ج.ک دا ئەو ئارمە لە سەر نامەکان دەبێنرێ.

١٥ـ مەحموود مەلا عیززەت، ک. م . م ل ٧٩ مێژووی داڕشتنی نیشانەکە و جۆری هەر ئەوەندەی باسکراوە، پێدەچێ ئەوە سەرچاوەی سازکردنی ئەم ئارم و تابلۆیە بێت کە تا ئێستا ڕووناکی نەخراوەتە سەر مێژووی ساز کردن و هونەرمەندەکەی.

١٦ـ ڕ. ک ژمارە ٤٧، ٢٥ی بانەمەڕی ١٣٢٥

١٧ـ ڕ. ک ژمارە ٥٤، ١٥ی جۆزەردانی ١٣٢٥، دیسان ژمارە ٥٣ و ٥٧

ئەحمەدی عیلمی، سەرۆکی ئیدارەی ماڵییەی کوردستان بووە.

١٨ـ ڕ. ک ژمارە ٢، ١٣ی ژانویەی ١٩٤٦ لەو کۆبوونەوەیەی بۆ ناونیشانکردنی بەڕێوەبەرانی چاپخانە و ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردستان سازکرا، ئەو کارەش بە سەید محەمەدی حەمیدی سپێردرا، سەبارەت بەوە وتارەکەی خوێندبۆوە.

١٩ـ ژمارەی وتاربێژان ٢٣ کەس بوون، بڕوانە: ڕ. ک ژمارە ١٠

٢٠ـ ڕ. ک ژمارە ١٤، ١٩٤٦/٢/١٣

٢١ـ بڕوانە: مەحموود مەلا عیززەت د.ج.ک بــەرگی ١ و ٢ بۆ نموونە بەڵگەنامەی ژمارە ٢٢، ٢٤، ٢٥، ٣٢، ٥٤، ٨٠، ٨٣، ٨٧، ٩٥، ١١٦، ١٦٠، ١٦١، ١٧١

٢٢ـ ڕ. ک بۆ نموونە ژمارەکانی: ٨ تا ١٧، ٢٠، ٢٧، ٢٩، ٣٠، ٣١، ٥٦

٢٣ـ ڕ. ک ژمارە ٨، ١٩٤٦/١/٢٨

٢٤ـ هەرچەند ئەم هێزە ڕێکخراوترین و بە ئۆمێدترین هێزەکانی جەمهوورییەت بووە، بەڵام دیسان ناکرێ ئەو ڕاستییە لابخرێت کە کشانەوەی ئەو هێزە بۆ ئەو بەشەی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێران، لە ناچاری و گوشاری هێزی سەربازی و ئاسمانی عێراق بە پاڵپشتی بریتانیا بوو کە بارزانی ناچار کرد کوردستانی عێراق بەجێ بێڵێ... نەک لەو دیدە نەتەوایەتییەی هێندی کەس پێیان خۆشە باسی بکەن، چونکە ئەگەر بارزانی دەرفەتی بەردەوامیی شۆڕشی هەبایە وا جێگە و مەڵبەندی خۆی بەجێ نەدەهێشت، ئەم دیاردەیەش جیایە لەگەڵ ئەو دیدە نەتەوایەتییەی کە خەڵک بخاتە بەردەم لێپرسراوەتی بە مەبەست بۆ ئامانجی کۆمارەکە و پارێزگاریکردنی واتە خودی چوونەکە لەو دیدە نەتەوایەتییە پێگەیشتووەوە نەبووە کە وەک ئەرکی نەتەوایەتی بە مەبەست و نەخشەی هێزی چەکدار ساز بکرێ و سنوور ببڕێ و تەنها بۆ بەرگری لەو قەوارەیە ئامادە بووبن... ئەو ڕاستیەش لە ڕۆڵی مێژوویی بارزانی و ئەفسەرە لێزان و بە تواناکانی ناو هێزەکەی و ئەو هێزە کەم ناکاتەوە، وەک هێندێک بە هەڵە بۆی دەچن.

٢٥ـ بە تایبەتی لە پەیمانی (اتحاد) ١٩٤٢/١/٢٢، کۆنگرەی (تاران) ١٩٤٣/١/٢٧، ١٢/٢٩ کۆبوونەوەی (پۆتسدام) ٧/١٧ تا ١٩٤٨/٨/٢

نەوشیراون مستەفا ئەمین، حکوومەتی کوردستان، کورد لە گەمەی سۆڤیەتی دا، ١٩٩٣، ل ٣٤ و ٣٥

٢٦ـ بۆ زانیاری زیاتر بروانە:

William Eagleton, The Kurdish Repablic 1946, London 1963. P,44

مەحموود مەلا عیززەت، ک . م. م ١٩٨٤، ١٩٨٦، ل ٩٤

٢٧ـ بڕوانە:

ـ مەحموود مەلا عیززەت، هەمان سەرچاوە، ل ٧٧، ٧٩

ـ عبدالرحمن قاسملوو، چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئـازادی، ١٩٨٥،ل ٢٣

ـ نەوشیراون مستەفا ئەمین، سەرچاوەی ناوبراوە، ل ٨٧

٢٨ـ بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ڕ. ک ژمارە ١ و ٢، ١٩٤٦/١/١٣

٢٩ـ ڕ. ک ژمارە ١٤، ١٩٤٦/٢/١٣

٣٠ـ ڕ. ک ژمارە ٣٠، ١٢ خاکەلێوەی ١٣٢٥

٣١ـ گۆڤاری هەڵاڵە، ژمارە ٣ بانەمەڕی ١٣٢٥ ل ٤ ـ ٧

٣٢ـ ڕ . ک ژمارە ٥٠، ٦ جۆزەردانی ١٣٢٥

٣٣ـ بڕوانە: مەحمود مەلا عیززەت، د.ج.ک بەرگی ١ بەڵگەنامەی ژمارە ١٣٢، ل ١٤٩ مێژووی نامەکە ١٣٢٥/٤/١٣ بووە. نامەکە

ئاراستە جەنەڕاڵ حەمە ڕەشید خان کراوە کە فەرماندەی هێزی بۆکان و مەنتەقەی بوو، یەکێک بوو لەو کاربەدەستانەی کە لە سەر یەک خەت دژی کاربەدەستانی تاران بوو چونکە هیچ جۆرە متمانەیەکی پێیان نەبوو.

٣٤ـ ڕ .ک ژمارە ٦٩، ١٣٢٥/٤/٢٠ پێشەوا بۆ وتووێژ سەفەری تارانی کردبوو، بە پێی ڕۆژنامەی کوردستان لە ٢٨ی پووشپەڕی ١٣٢٥دا لە ( دەربەند) دیدەنییەکە کرابوو، تەواوی گفتوگۆی دیدەنییەکە هەر لە ناو بازنەی پێوەندی کورد بە ئێران و ئازادی و دێموکراتییەوە بووە.

٣٥ـ ڕ .ک ژمارە ٤٧، ٦ جوزەردانی ١٣٢٥

٣٦ـ بڕوانە:

نەشیروان مستەفا ئەمین، سەرچاوەی ناوبراو، ل ٢٣٤ ـ ٢٣٣

Howell, Jr. Wilson N. The Soviet Union and The Kurd A study of National Minotry 1965, p 188

ـ ڕ.ک ژمارە ٥٢، ڕۆژی ٢ ژوین ١٩٤٦ باسی "پەیام نووسی ئاژانسی فرانس زیکیل ناپلیون "ی کردووە بە پێ ئەوەی دیدەنییەکانی پێشەوا و ئەو باسەی بڵاوکردبێتەوە تەنها ئاماژە بۆ دیدەنییەکانی پێشەوا و لێپرسراوان دەکات.

٣٧ـ بڕوانە: گۆڤاری هەلاڵە، ژمارە ٣ ساڵی یەکەم بانەمەڕی ١٣٢٥ ل ٧

٣٨ـ بڕوانە:

ـ جعفر مهدی نیا، زندگی سیاسی قوام السطنه، تهران چـــاپی دوم تابستان ١٣٦٦ ل ٣٣٩

ـ نەوشیروان مستەفا ئەمین، سەرچاوەی ناوبراو ل ٢٢٧

٣٩ـ ڕ. ک ژمارە ٥٩، ١٨ ژوین ١٩٤٦

٤٠ـ ڕ. ک ژمارە ٦٠، ٢ ژوین ١٩٤٦

٤١ـ وشەکە هەر ئاوا نووسراوە.

٤٢ـ ڕ. ک ژمارە ٦٠

٤٣ـ ڕ. ک ژمارە ٧٥، ١٩٤٦/٨/١١ ل ١، ٢، ٤

٤٤ـ ڕ. ک ژمارە ٧٦، ٢٢ گەلاوێژ ١٣٢٥

٤٥ـ ڕ. ک ژمارە ٨٥، ٢١ خەرمانان ١٣٢٥، ١٩٤٦/٩/١١

٤٦ـ بڕوانە:

ـ نەوشیراون مستەفا ئەمین، سەرچاوەی ناوبراو، ل ٢٣٢

ـ فریده کوهی ـ کمال دیهکردی، کۆماری کوردستان، دامەزران و ڕووخانی ١٩٨٦ ل ٤٥ ـ ٤٦ ئەمانیش لە ئەرکیڤی بریتانیا دەریان هێناوە.

٤٧ـ ژمارەی تەلەگرام: ٧٦١ـ٩/٣ـ٥٤٦، تەورێز، ٥ی ئازار ١٩٤٦، ١ی دوای نیوەڕۆ ٦ی ئازار ٢٥، ٦ی پاش نیوەڕۆ.

٤٨ـ ژمارەی تەلەگرام: ٢٤٥٩١/٣ـ١٧٤٦، ٨٦١، مۆسکۆ ١٧ی ئازار ١٩٤٦، ٩ی دوای نیوەڕۆ ١٧ی ئازار، ٣٧. ٥ د. ن

Foreign Relations of The United States Diplomatic papers 1946, volume VIL.

سەرچاوە: گۆڤاری گزینگ ژمارە ١٣ و ١٤ ساڵی ١٩٩٦ ـ ١٩٩٧

مەحموود مەلا عیززەت

لە ساڵی ١٩٣٩ی زایینی، لە شاری سلێمانی لە دایک بووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لەوێ تەواو کردووە و لە ساڵی ١٩٦٢دا، لە زانکۆ بەغدا لە بەشی مێژوو بە کالیۆرسی وەرگرتووە و پاشان بووە بە مامۆستای مێژوو.

لە ساڵی ٨٠ـ ١٩٨١دا، بە تاوانی چالاکیی سیاسی دژ بە ڕێژیم گیراوە و دوای ئەوەیکە بە سەربەرزی نەجاتی بووە، ڕێی ئاوارەیی گرتووەتەبەر و لە وڵاتی سوئید وەک پەنابەری سیاسی نیشتەجێ بووە.

لە ساڵی ١٩٨٧وە لە ئەرشیڤی هەرێمی شاری ئوپسالا دامەزراوە و تا گەڕانەوەی بۆ کوردستان لە کارەکەیدا بەردەوام بووە. لەو ماوەیەدا ئەرشیڤێکی گەورەی کۆماری کوردستانی کۆکردووتەوە.

کاک مەحموود، وەک نووسەرێکی بە توانا لە زۆربەی ڕۆژنامە و بڵاوکراوە ئاشکرا و نهێنییەکاندا هاوبەشی کردووە و گەلێک باس و لێکۆڵینەوەی جۆراجۆری بە زمانی کوردی و عەرەبی نووسیوە کە سەرەڕای چەند بەرهەمی وەرگێڕدراو، ئەو کتێبانەی خوارەوەی چاپ و بڵاوکردووەتەوە:

ـ دیپلۆماسێتیی بزووتنەوەی کوردایەتی ١٩٧٣

ـ کۆماری میللی مەهاباد، چاپی یەکەم ١٩٨٤، چاپی دووەم ١٩٨٧

ـ ڕەگ و ڕیشەی مێژووی تەقەلای بە عێراق کردنی کورد و مەسەلەی کوردستان ١٩٨٦

ـ کورد و ململانێ و ستراتیجی ئاسایش نەتەوە، ١٩٨٨

ـ دەوڵەتی جمهوری کوردستان ( نامە و دۆکۆمنێت ) بەرگی یەکەم ستۆکهۆڵم ١٩٩٢

ـ دەوڵەتی جمهوری کوردستان ( نامە و دۆکۆمنێت ) بەرگی دووەم ستۆکهۆڵم ١٩٩٥

ـ دەوڵەتی جمهوری کوردستان ( نامە و دکۆمنێت ) بەرگی سێیەم ستۆکۆڵم ١٩٩٧

شیاوی گوتنە کە لە بواری ڕۆژنامە وانییشدا کەسایەتییەکی چالاک بووە و سەردەمێک وەک سەرنووسەری ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ کاری کردووە و، هەر بۆیەش لە سەرەتای دەرچوونی گۆڤاری " گزینگ " یەکێک لە بەشدارانی دنەدەر و هاوکارانی یارمەتیدەری گۆڤارەکە بووە کە لە ڕیزی ئەو نووسراوانەدا دەکرێ بە وتووێژێک لە ژێر عینوانی:

ـ ئەقڵییەتی سیاسی و دیپلۆماسی کورد، گزینگ ژمارە ٨

ـ لێکۆڵینەوەیەک سەبارەت بە کۆماری کوردستان ( با بۆچوونە شێواو و هەڵەکان ڕاست بکەینەوە ) گزینگ، ژمارە ١٣ و ژمارە ١٤

مامۆستا مەحموود مەلا عیززەت بەداخەوە لە ڕۆژی ٢٠٠٥/٥/٤ لە شاری ئوپسالا بۆ هەمیشەماڵئاوایی لە ژیان و کەسووکار و گەلەکەی کرد.

لە لاپەڕەی " کوردیپێدیا " وەرگیراوە



مامۆستا مەحموود مەلا عززەت

سەرچاوەکان:

ـ گۆڤاری گزینگ ژمارە ١٣ و ١٤ زستانی ١٣٧٥ـ ١٩٩٦ـ ١٩٩٧

ـ ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٣٠ و ٥٥ ساڵی ١٣٢٥ ـ ١٩٤٦

ـ ساجبلاغ مکری ( مهاباد ) در آیینەی اسناد تاریخی، گردآوری و تالیف: فریدون حکیم زادە، انتشارات هیوا ـ مهاباد سال ١٣٨٩

www.kurdipedia.orgـ سایتی کوردیپێدیا

سپاسی سیمین ئیفتیخاری کە زۆری یارمەتی کردم.

فارووق فەرهاد

٢٠٢١/٦/٢٩